# چاپکراوی نوێ

(**بارزان و مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان**) کتێبێکی تازەچاپکراوی نووسەرو توێژەرو رۆژنامەنووس (**سەرۆ قادر**)ە، ئەم کتێبە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و مەیدانیی نووسەر کە ماوەی چوار ساڵ بەردەوام کاری تێدا کردووە. هەوڵ و تەقەللای بۆ کارکردن لەسەر باسەکانی ئەم نووسینە بۆ ساڵی ١٩٨٠ دەگەڕێتەوە.

هەروەك نووسەر لە دەروازەی کتێبەکەدا ئاماژەی بۆ کردووە ئامانجی ئەو، روونکردنەوەی مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و باری دینیی کۆمەڵگای کوردستان و رێچکەبەستنی ئەم کاروانەو گۆڕانکارییانەکانییەتی. بە ناوەندی باسەکەیدا جەختی لەسەر بزووتنەوەی بارزان کردووە، ئەم بزووتنەوەیە چۆن دروست بووە، باوەڕەکانی لەکوێ وەرگرتووە؟ کەسایەتییە کاریگەرەکانی کامانەن؟ ئەو بزووتنەوەیە چۆن بووەتە هەڵگری باوەڕی رزگاریخوازی و لە پاڵ چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا رابەرایەتیی نەتەوەییشی کردووە ؟ کەسایەتیی مستەفا بارزانی چۆن و لەکوێ دروست بوو؟ مستەفا بارزانی چی نوێی خستە ناو باوەڕی بارزان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان؟

(بارزان و مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان) هەژدە بەش لەخۆدەگرێت، بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم کتێبە، نووسەر سوودی لە ٥٧ سەرچاوەی کوردی و عەرەبی و فارسی وەرگرتووە.

بەناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە نووسەر و توێژەر سەرۆ قادر دەکەین و بەهیوای سەرکەوتن و داهێنانی زیاتری بواری نووسین...



# چاپکراوی نوێ

بەم دواییە کتێبی (**مێژوونووس زوبێر بیلال ئیسماعیل. پێنووسەکەی هەولێر**) لەلایەن ماموستای مێژوو (**بارزان محەمەد عەلی**) بە بەرگێکی قەشەنگ و ناوەڕۆکێکی ناوازە کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە بریتییە لە شەش بەش، ژیاننامەی زانستی و لەدایکبوونی و کەسایەتی و رەچەڵەکی بنەماڵەکەی، شیکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە لە ماوەی ژیانیدا پێشکەشی کتێبخانەی مێژووی کوردی کردووە، مێژووی شاری هەولێر لە نووسینەکانی زوبێر بیلالدا، لایەنی رۆشنبیریی شاری هەولێر لە نووسینەکانی مێژوونووس، رێبازی لە نووسینەوەی مێژوودا، رەنگدانەوەی کەسایەتیی مێژوونووس و زوبێر بیلال لەنێو خامەی نووسەر و رۆشنبیراندا، زوبێر بیلال لە دیدی مێژووەوە.

بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم کتێبە، نووسەر(بارزان محەمەد عەلی) سوودی لە دەیان سەرچاوەی کتێب و رۆژنامەو گۆڤار وەرگرتووە بە زمانی کوردی و عەرەبی.


و دەستخۆشی لە نووسەر دەکەین و هیواداریین ئەم بەرهەمە کە تێیدا رۆشنایی خراوەتەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مێژوونووسی کۆچکردوو زوبێر بیلال ئیسماعیل جێی خۆی لە کتێبخانەی کوردی کردبێتەوەو ببێتە مایەی سوود بۆ خوێنەران.



# چاپکراوی نوێ

کتێبی (**هونەری ڕیکلامسازی و ڕیکلامکردن**)، لە نووسین و ئامادەکردنی (**پ.ی.د.نەزاکەت حوسێن**)ـە، کتێبێکی ئامادەکراوە لە کۆکراوەی چەند سەرچاوەیەکی ئینگلیزیی نوێی تایبەت بە بنەما زانستییەکان، کە پێویستە لە ریکلامسازی و ڕیکلامکردندا هەبێت. هەروەك ئەو سەرچاوە ئینگلیزییانە ئاماژەیان پێ کردوە، گوتویانە ڕیکلام «قومارە» ئەگەر نەزاندرێت چۆن دەکرێت، پارەیەکی زۆر دەدۆڕێنیت. ئەم کتێبە لە ١٢ بەشدا بنەما زانستییەکانی ریکلام، هونەرەکانی ریکلامسازی و ریکلامکردن و چەند بابەتێکی دیکەی تایبەت بە گرنگیی ریکلام دەخاتە روو. گرنگیی ئەم کتێبە نەك تەنیا لەوەدایە کە سەرچاوە لەسەر ریکلام، بەتایبەتی هونەری ریکلامسازی بە زمانی کوردی کەمە و دەبێتە سەرچاوەیەك لە کتێبخانە کوردییەکان، بۆ قوتابیان، توێژەران، بەڵکو هەمو کەسێك وەك تاکە کەس، حزب، کۆمپانیای بازرگانی و بازاڕ، یان هەر گرووپ و رێکخراوێك کە بیانەوێت ریکلام بۆ خۆیان بکەن، دەتوانن سوود لەم کتێبە وەربگرن، دواجاریش بنەمایەك دەبێت لە بەردەم ریکلامسازان و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام، تا بەشێوەیەکی زانستی ریکلامەکان بەرهەم بهێنن و، سەرتایەك بێت بۆ بەزانستکردنی هونەری ریکلامسازی لە هەرێمی کوردستاندا.









د. محەمەد شەعبان:



**پێویستە لە مەودای نزیکدا چاوخشاندنەوە بە سیاسەتی داهات و خەرجییەکاندا بکرێت و لە مەودای درێژخایەندا بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی ببووژێندرێتەوە**

ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد:

**ئەو پارەیەی بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان دیاری کراوە، پارەیەکی ڕەمزی و زۆر کەمە**



د. هەڵۆ مستەفا عەسکەری:

**بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە دەبێت هەموو پڕۆژەیەک ٢٥٪ی سەوزایی بێت**




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانا خانی - دهۆك**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***

خالیده خەلیل:

## بێ بەشداریی راستەقینەی هەر سێ پێکهاتەکە، هیچ حکومەتێک سەرکەوتوو نابێت و ئایندەی نادیار دەبێت





سروە عوسمان:

## هەموو ئیرادەی نوستووم بە گەڕ خست و توانیم بە سەر شێرپەنجەدا زاڵ بم

## ئایا بە خوێنبەخشین ئاستی کۆلیسترۆڵ دادەبەزێت؟




## گوگڵ وەرگێڕی بۆ کوردی سۆرانی زیاد کرد



یادی محەمەد :

## پاڵەوانێتی پشتگوێ خراوە و یاریزانان بە حەسرەتی یارییەکەن








## حەسەن شەریف کۆبەرهەمی (ئاوازێن شۆڕەشێ) بڵاو دەکاتەوە





# مانیفێست..
# مستەفا بارزانی
# یەکێک لە مەزنانی
# هەزارەی دووەم



سەڵاح بەدرەدین
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

(٥)

مستەفا بارزانی (١٩٠٣- ١٩٧٩):

هەموو کاتێك نا، تەنانەت بە دەگمەنیش، لە سەردەم وقۆناغە مێژووییەکاندا کە چەندین سەدەو دەیە دەگرێتەوە، لە چوارچێوەی (رۆڵی تاك لە مێژوودا) چەند کەسایەتییەکی جیاواز هەڵکەوتوون، کە خاوەن توانای زانیاریی داهێنەرانە و هەڵگری فیکری بەرز و رۆشنبیری و سەرکردایەتی و کۆمەڵایەتی بوون، لە مێژووی گەلانی جیهاندا، هەندێکیان لە هۆشیارکردنەوەی گەلانی ژێردەستەی لەبیرکراو لە خۆڕاگری، بە نووسین و شیعر و گۆرانی و فیکر و رۆشنبیری، هەروەها لە بوارەکانی تێکۆشانی نیشتمانی لە دژی کۆلۆنیالیزم و چەوسانەوە و رەگەزپەرستی و خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی و دادپەروەری و مافی چارەی خۆنووسین، هەندێکیشیان لە داهێنەران و دۆزەرەوەی تیۆر و رێگاکانن بۆ سووککردنی ئازاری مرۆڤایەتی لە جیهانی تەندروستی و پەروەردەدا، هەندێکی دیکەش لە خزمەتی ئاشتی و پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتیدا، یان بەرگریکردن لە گەلان دژی مەترسییەکانی پاکتاوکردن و هەڵمەتەکانی دوژمنکاری بە ناوی ئایین و مەزهەب و رەگەز و بەرژەوەندییەکان.

ئەوەی پەیوەستە بە کوردەوە، هەروەك دامەزراوە زانستییەکانی جیهان و دەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەیان پێ کردووە، سەلمێنراوە کە کورد خاوەنی رۆڵی یەکلاکەرەوەیە لە دروستکردنی مێژوودا، هەردوو مەزنی کورد (سەلاحەدین ئەیوبی) بە سەرەتای هەزارەی دووەم و (مەلا مستەفا بارزانی) بە ناوەندی هەزارەی دووەم و وەك دوو کەسایەتیی جیاوازی کاریگەر لە هەزارەی دووەمی زایین ریزبەند کردووە، یەکەمیان لە سەرکردایەتیکردنی بەرگری دژی دەستدرێژیی دەرەکی بۆ سەر ناوچەکە لە سەرەتای سەدەی دووەم کە بە هەڵمەتەکانی خاچپەرستان ناسراوەو، بە سەرۆکایەتیی پاشا و سەرکردەکانی ئەوروپا بووە، بە دەستلەپشدان و چاودێریی کەنیسە و پیاوانی ئایینی، پێش پرۆسەکانی چاکسازیی ئایینی، جڵەوکردنی دەستڕۆیشتوویی کەنیسە لە دەستوەردان لە کاروباری دەوڵەتان و جیهانی سیاسەتدا، ئەیوبی خۆی و دەستەبژێری جەنگاوەری دەوروبەری توانیان بە بەشداریی کوردی رەواندز و شێروان و ئامەد و هەکاری و بەدلیس و جزیرە و مووسڵ، پێکهاتەکانی ناوچەکە، لە کوردو عەرەب و تورکمان هەندێ کریستیان یەکبخەن، هەروەها ریزەکانیان رێکبخەن بۆ تێکشکاندنی دوژمنایەتی و رزگارکردنی خاکی داگیرکراون، بە تایبەتیش بەیتولمەقدس، دوای شەڕێکی خوێناوی کە لە شەڕی (حوتەین)ی ئاقاری دەریاچەی تەبەریادا گەیشتە ئەوپەڕی توندی و گەرمی. بەڵام بارزانی هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە لەگەڵ کەسوکاری خۆی و دانیشتووانی ناوچەکەی، دژی سەرکوتکاریی دەسەڵاتی عوسمانی، کە شێخ عەبدولسەلامی لە سێدارە دا، بەشداری چەندین شۆڕشی کرد، تەنیا لەبەر ئەوەش داوای لە بابولعالی دەکرد مافەکانی گەلی کوردی کوردستانی عێراق جێبەجێ بکات، لە مووسڵ زیندانی کرا، کە ئەو کات منداڵ بوو، هەروەها لە رووبەڕووبوونەوەی سوپای داگیرکاری بەریتانیا و سەربازانی حکومەتە عێراقییەکانی سەر بە داگیرکار، لە سەردەمانێکی جیاوازیشدا بەرپەچی پەلاماری عەشیرەتەکانی سەر بە دەسەڵاتی بەغدای دایەوە، بەم شێوەیە بزووتنەوەکانی بارزانییان هەر لە سەرەتاوە بە خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی گرێدرابوون، پەیوەندییان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی (خۆیبوون)ـەوە هەبوو، کە لە قامیشلی سەری هەڵدا و لە لوبنانیش بە دوو قۆناغ، هەروەها (هیوا) و شۆڕشی شێخ سەعید، پێش ئەوەش بە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵا نەهری.

بەڵێ، لە سەردەمی مستەفا بارزانی، پێش ئەویش شێخ عەبدولسەلام، کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق وەك کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵات پەیوەندیی هۆز و عەشایری تێدا باو بوو، بەردەوام لەسەر زەوی و زار و لەوەڕگا و دەستڕۆیشتوویی، کێشەو رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی روویدەدا، بەڵام شێخەکانی بارزان کە موسڵمانی سوننەن و خاوەن رێبازی نەقشبەندین و زیاتر کراوەن، لە رووی ئاشتیخوازی و میانڕەوەی و قبووڵکردنی بەرامبەر لە ئایینەکانی (مەسیحی و یەهودی و ئێزیدی) هەروەها لە ئاسۆی فراوانی دەرەوەی سنووری

**چاودێریکردنی وردی رێبازی ژیانی مەلا مستەفای بارزانی بەسە بۆ زانینی رەسانەیەتیی ئەو سەرکردە هەڵکەوتووە**

**بارزانی و هاوڕێکانی لە سایەی حوکمی ستالینی دیکتاتۆر و سەرۆکی ئازربایجاندا رووبەڕووی زۆر تاڵی و ناخۆشی بوونەوە، کە رەچاوی تایبەتمەندیی ئەوانیان نەکرد**

**بارزانی لە ژیانیدا و دوای کۆچکردنیش، رووبەڕووی هەوڵێکی زۆری ناوزڕاندن و ستەم و پڕوپاگەندە بووەتەوە، تەنانەت هەندێک کەس ناوی بارزانی-یان لە ململانێی حزبیشدا بەکارهێناوە**

بارزان، بەرەو ئینتیمای فراوانتری نەتەوەیی و مەیلی نیشتمانیی عێراقی، بەتایبەتیش دوای سەربەخۆیی وڵات، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاواز بوون.

چاودێریکردنی وردی ڕێبازی ژیانی مەلا مستەفای بارزانی بەسە بۆ زانینی ڕەسانەیەتیی ئەو سەرکردە هەڵکەوتووە، هەروەها ڕۆڵی سەرەکیی ئەو لە پێناسەکردنەوەو بنیادنانی بزووتنەوەی کوردی لە عێراقدا و بە ئاسۆکانی گشتیی کوردستانی، بارزانی هەر لەو کاتەی کە نەوجەوان بوو، تا دەگاتە ئەزموونی دوورو درێژی چەکهەڵگرتن و، دواتریش بەشداریکردن لە شەڕەکاندا بە یاوەریی ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئاستەنگ و زەحمەتییەکان و بەزۆر ئاوارەبوون، تا گەیشتن بە یاوەریی دەستەبژێرێکی پێشمەرگەکانی بارزانی بۆ مەهاباد لە (١٩٤٦) بۆ پاڵپشتیکردنی کۆماری کوردستان، دواتر چوونیان بۆ یەکێتیی سۆڤییەت دوای ئەوەی لە خاکی ئێران و عێراق و تورکیا دەرباز بوون، لە ڕێگاش تووشی کەمینی سوپاکانی ئەو دەوڵەتانە بوون، هاوکات ڕووبەڕووی ڕاونان و تەنگ پێ هەڵچنین بوونەوە، تا توانیان لە ڕووباری ئاراس بپەڕنەوە و بە سەلامەتی گەیشتنە دەوڵەتی سۆڤیەت.

ڕاستە بارزانی و هاوڕێکانی لە سایەی حوکمی ستالینی دیکتاتۆر و سەرۆکی ئازربایجاندا ڕووبەڕووی زۆر تاڵی و ناخۆشی بوونەوە، کە ڕەچاوی تایبەتمەندیی ئەوانیان نەکرد و بە زۆردارەکی ڕەوانەی (کولخوز) واتا کۆمەڵگەی کێڵگە کشتوکاڵییە دوورەکانیان کردن و لە جیهانیان دابڕاندن، بەڵام لە سەردەمی سەرۆک خرۆچۆڤدا ئیعتیباریان بۆ گەڕاندنەوە، بارزانی بە ڕێز و سەربەرزییەوە بۆ مۆسکۆ گوێزرایەوە، لەوێش پەیوەندیی لەگەڵ سەرکردەکانی سۆڤییەتدا هەبوو، بەردەوام باسی کێشەی گەلەکەی بۆ دەکردن، تا دوای شۆڕشی چواردەی تەممووز گەڕایەوە بەغدا.

بارزانی لە ژیانیدا ڕووداوگەلی زۆری دیوە، هەر لە داگیرکردنی عێراق و سەربەخۆبوونی و سەرپێچیکردنی ڕێککەوتننامەی مووسڵی تایبەت بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردستان، هەروەها پشتگوێخستنی مافەکانی کورد، هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕووخانی، تاقیکردنەوەی سۆشیالیزمی یەکێتیی سۆڤییەت، شەڕی سارد، سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلوولی کە ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمیی ئاداری ١٩٧٠ی لێکەوتەوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردەکانی سۆڤییەت و جەمال عەبدولناسر و کەسانی دیکە.

بارزانی لە ژیانیدا و دوای کۆچکردنیش، ڕووبەڕووی هەوڵێکی زۆری ناوزڕاندن و ستەم و پڕوپاگەندە بووەتەوە، تەنانەت هەندێک کەس ناوی بارزانی-یان لە ململانێی حزبیشدا بەکارهێناوە، ڕاستییەکەش ڕوون و پرشنگدارە کە بارزانی یەکێکە لە گرنگترین سەرکردەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا و خاوەن ڕاو بۆچوونی دوورمەودا و ئەزموونێکی پڕ لە پەند و وانە بووە. بارزانی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق بوو، وەك حزبێکی مەدەنی و دیموکراسی و سەردەمییانەو خەباتگێڕ یەکەم سەرۆکی ئەو حزبە بوو، بڕوای بە دادپەروەری و یەکسانی هەبووە و دژی ستەم بووە، ڕێزی لە هەست و بیروباوەڕی هاوولاتیان دەگرت، سەرسەختانە داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکرد، پابەند بوو بە مافی گەلەکەی لە مافی چارەی خۆنووسیندا، لەنێوان خەڵکدا بە هۆکاری نەتەوەیی و ئایینی جیاوازیی نەدەکرد، یەکەم جار سەردانم کرد لە بارەگاکەی و لەنێوان پاسەوانەکانی خۆیدا کە خەڵکی سلێمانی و کەرکووك و هەولێرو دهۆك و لە ئایینەکانی موسڵمان و کلدانی و ئاشووری و ئێزیدی بوون، ڕێزی لە پیاوانی ئایینی دەگرت و داوای دەکرد کە دەست لە کاروباری سیاسی وەرنەدەن، زۆر پەرۆشی پەیوەندیی کوردو عەرەب بوو، لەو ڕێگایانە دووردەکەوتەوە کە دەبوونە مایەی دەمارگیری و شەڕ و کوشتار و تۆڵەکردنەوە و تیرۆر.

ڕەفتارە پراکتیکییەکان و ئەدای سیاسیی بارزانی وەك سەرکردەی شۆڕش و سەرۆکی حزب و کاریزمای گەلی کورد و پێشەوای نەتەوە، هەوێنی ئەزموونی دەیان ساڵی ئەو پێشەوایە بوو. من بە حوکمی ئەوەی کە یەکێکم لە

**بارزانی یەکێکە لە گرنگترین سەرکردەکانی کورد لە سەردەمی نوێدا و خاوەن ڕاو بۆچوونی دوورمەودا و ئەزموونێکی پڕ لە پەند و وانە بووە**

**ڕەفتارە پراکتیکییەکان و ئەدای سیاسیی بارزانی وەک سەرکردەی شۆڕش و سەرۆکی حزب و کاریزمای گەلی کورد و پێشەوای نەتەوە، هەوێنی ئەزموونی دەیان ساڵی ئەو پێشەوایە بوو**

**کاتێ بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، لەوێ پێگەی بزووتنەوەی کوردی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی و مافی کورد لە چارەی خۆنووسین و بنیاتنانی دەوڵەتەکەی دەستنیشان کرد**



هاوسەردەمەکانی، باسێکی درێژم سەبارەت بە سەرچاوەکانی ڕێبازی بارزانی ئامادە کردبوو، بۆیە گەیشتمە ئەو ئەنجامە، یەکەم: وتارەکەی لە کۆنگرەی باکۆ لە بەرواری (١٩-١-١٩٤٨) بە ئامادەبوونی نوێنەران لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان، کاتێ بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، لەوێ پێگەی بزووتنەوەی کوردی وەك بەشێك لە بزووتنەوەی شۆڕشی جیهانی و مافی کورد لە چارەی خۆنووسین و بنیاتنانی دەوڵەتەکەی دەستنیشان کرد، دووەم: وتارەکەی لە کۆنفرانسی سەربازی و سیاسیی کانی سماق باڵەك (١٥-١-١٩٦٧)، کە خۆم ئامادە بووم و یەکەم سەردانم بوو بۆ شۆڕش، لەو وتارەدا ئامانجەکانی شۆڕش و ڕۆڵی حزب و ڕێکخستن و هەڵوێستی برایانە لەگەڵ گەلی عەرەب دەستنیشان کرد، کە شۆڕش دژی حکومەتەکانی عێراقە، نەك گەلی عێراق، هەروەها ڕێنمایی گشتیی دەرکرد سەبارەت چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گەل و هەڵوێست نواندن لە هەمبەر ئەوانەی هەڵگەڕابوونەوە و بووبوونە جاشی دەسەڵات.

بارزانی بەوەش ناسرابوو کە لە پارچەکانی دیکەش گرنگیی زۆری بە کێشەی کورد دەدا و بەردەوام پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبووە و ئاگاداری ڕووداوەکان بووە، لە ڕێی نزیکترین یاریدەدەری (هەمیشە لەیاد ئیدریس بارزانی)ی کوڕیەوە، کە ڕاسپێردراو بوو بۆ گرتنەدەستی دۆسێی بزووتنەوەی کوردی لە سووریا و تورکیا و ئێران، من خۆم یادگاریی جوانم لایە، لە کارکردن لەگەڵ ئەو سەرکردەیەدا دەربارەی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوو حزب و گەلدا، من لە کتێبەکانی تایبەت بە یادەوەرییەکانمدا بە هەر سێ بەشەوە وردەکاریم لەم بارەوە باس کردووە.

بێگومان ڕێبازی بارزانییان (barzanizm) بە



زمانی کوردی و بە پیتە لاتینییەکان کە تەنیا من لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا بەکارم هێناوە، کاتی خۆی لای سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی عێراق بە گرێدانی کۆنگرەی یەکەم و دووەمی زانستی لە سەدساڵەی بارزانی و رێبازەکەی کە لە شارۆچکەی سەلاحەدین بەشداریم تێداکرد، بە پێشکەشکردنی دوو توێژینەوە لە کتێبەکەمدا بڵاوکراونەوە لەگەڵ دەستەبژێرێکی بیرمەند و سیاسەتوان و رۆشنبیران خۆم پێشنیارم کرد.

ئەم رێبازە لە هەلومەرجێکی تایبەتی ئەو رۆژگارەدا سەری هەڵداو بەردەوام بوو، بۆیە ئەگەر ئەو رێبازە بەرجەستەبوو بێت، هەروەك پێشتر باسمان کرد، لە زیندووکردنەوە و پێناسەکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی و مەسەلەکانی خەبات و شۆڕش دژی ستەم و قوربانیدان و فیداکاری لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی، مافی چارەی خۆنووسین، دیالۆگی ئاشتییانە، بەرهەڵستیی ستەمکاری، بەستنەوەی کێشەی کورد بە سەرجەم خەباتی دیموکراسی لە عێراق، پارێزگاری لە مافی ئافرەت، وەستان لەپاڵ مافی هەژاران، پێکەوەژیان لەگەڵ گەلانی دیکەدا، داننان بە هەبوون و مافی ئەو گەلانە، جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات و دەوڵەت، رێزگرتن لە ئایین و ئایینزاکان، زاڵکردنی کوردایەتی بەسەر حزبایەتیی تەسك، پارێزگاریکردن لە پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان کورد و گەلانی عەرەب و تورك و ئێرانی، ئەوا نەوەکانی دادێن دەتوانن سوودمەندی ئەو رێبازە مێژووییە بن و بۆ هەمیشەش وەك پەندو وانە سوودی لێ ببینن، بۆیە بارزانی هەمیشە لە دڵ و عەقڵدا بە نەمری دەمێنێتەوە و وەك مەشخەڵ و کاریزمای کورد لە هەموو شوێنێکدا مایەی شانازی و سەرفرازییە.

# خۆ پاراستن له ڤایرۆسی کورونا له رووی شەرعەوە

> **ئێمەی موسڵمان دەبێت ئاگادار بین و سەبارەت بە رێنماییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(دخ) بۆ دەربازبوون لە نەخۆشی و پەتا کوشندەکان تەماشا بکەین کە چییان فەرمووە**

> **ناکرێت راستەوخۆ لە کەسی تووشبوو نزیک ببینەوە، یان بچینە ئەو شوێنەی کە نەخۆشییەکەی تێدا بڵاو بووەتەوە، چونکە خۆمان دەبینە هۆکاری ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشییە بین، لەوانەشە تیا بچین و ئەوەش کارێکی ناشەرعییە**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه ومن والاه

هەڵبەتە ئەم نەخۆشییەی کە ئێستا بەربڵاوە، زیاتر لە٣٠ وڵاتی گرتۆتەوە، بێجگە لە شاری (ووهان )ی چین لە چەند وڵاتێکی ئەوروپییش تەشەنەی سەندووە (فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، بەلجیکا، سوید، — فینلەندا و بەریتانیا) هەروەها لە ئەمریکا و رووسیا، لە وڵاتە عەرەبییەکانیش (عێراق، کوەیت، بەحرەین و میسر) لە وڵاتانی دیکەی ئاسیاش (ئوسترالیا، پاکستان، کۆریای باشوور، هیندستان، تایوان، سریلانکا، ڤێتنام، فلیپین، تایلاند، مالیزیا، سەنگافورا، نیپاڵ و — کامبودیا)، واتە لەم تەشەنەسەندنە ترسی ئەوە هەیە کە زیاتر بڵاو ببێتەوە، بۆیە پێویستە زوو بە زوو رێی لێ بگیرێت و هەر رێگایەك هەیە، بیگرینە بەر بۆ ئەوەی تووشی نەبین، نابێت ئەم پرسە گرنگە پشتگوێ بخەین.

ئێمەی موسڵمان دەبێت ئاگادار بین و سەبارەت بە رێنماییەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(دخ) بۆ دەربازبوون لە نەخۆشی و پەتا کوشندەکان تەماشا بکەین کە چییان فەرمووە، سەرنج بدەن خودا چ دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾[١]، واتە: خۆتان مەخەنە ناو بارودۆخێکەوە بفەوتێن و ژیان لە دەست بدەن، ئەم ئایەتە فێری ئەوەمان دەکات کە خۆمان بپارێزین و دووربکەوینەوە بەتایبەت لەو شوێن و جێگەیانەی کە بزانین کۆتایی بە ژیانمان دێت، هەڵبەتە ئێمە واتا گشتگیرەکەی ئەم ئایەتەمان وەرگرتووە، بە پێی ئەو قاعدە ئوسووڵییە: [العبرة بعموم النص لا بخصوص السبب][٢].

کەواتە ناکرێت راستەوخۆ لە کەسی تووشبوو نزیك ببینەوە، یان بچینە ئەو شوێنەی کە نەخۆشییەکەی تێدا بڵاو بووەتەوە، چونکە خۆمان دەبینە هۆکاری ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشییە بین، لەوانەشە تیا بچین و ئەوەش کارێکی ناشەرعییە، بە پێی ئەو فەرمانەی خودا کە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ﴾.

راستییەك هەیە، دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، کە ئەو نەخۆشییە بە پێی قسەی پسپۆڕ و شارەزایانی تەندروستی تاوەکو ١٥ رۆژ کەسی تووشبوو هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەی لێ دەرناکەوێت، ئەمە مانای وایە دوورکەوتنەوە لە شوێنە گشتییەکان واجبە بەتایبەت لە سەرەتای ئاگاداربوونەوەمان لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە خوانەخواستە لە شارەکەمان، دەبێت باوەڕمان بە پسپۆڕ و شارەزایانی تەندروستی هەبێت، بڕوانن خودا لەم بارەیەوە چ دەفەرموێت: ﴿فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون﴾[٣].

دیارە یەکێك لە ئامانجە خوداییەکان ﴿المقاصد الشريعة﴾ پاراستنی بەرژەوەندییە پێویستییەکانە ﴿ الضروريات الخمس﴾ کە بریتین لە ﴿پاراستنی ئایین و نەفس و ناموس و سامان و ژیریی﴾[٤].



**د. سیروان ئەحمەد قادر**
مامۆستای ئایینی و پەرلەمانتاری پێشووی عێراق
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوەی مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین، پاراستنی نەفسە، دەبێت ئەوەی پێویستە بۆ مانەوەی ژیان و بەردەوامبوونی درێغی و کەمتەرخەمیی لێ نەکەین، وەك: گرنگیدان بە تەندروستی لە رووی خواردنی پاك و چۆنیەتی دووركەوتنەوە لەو شوێنانەی گومانی لێ دەكرێت، لێوەی تووشی پەتای كوشندە بین، خۆپاراستن لە نەخۆشییە كوشندەكان، بە چوونە لای پزیشك بۆ چارەسەركردن و وەرگرتنی عیلاج و بەكارهێنانی داودەرمان.

سەبارەت بەو نەخۆشییە وچۆنیەتی خۆپاراستن لێی موسڵمانان دەبێت گوێڕایەڵی رێنمایی پزیشكە بەڕێزەكان بن، چونكە ئەو پرسە پەیوەستە بە مان ونەمانەوەو، لەو رووەوە بە هەر كەمتەرخەمییەك لە بەرامبەر خودای گەورە لە قیامەتدا بەرپرسیار دەبین.

پێغەمبەر (دخ) هۆشیاریی پێ داوین كە دەفەرموێت: ﴿إِذَا سَمِعْتُمْ بِالطَّاعُونَ فِي أَرْضٍ، فَلَا تَدْخُلُوهَا، وَإِذَا وقَعَ بِأَرْضٍ، وَأَنْتمْ بهَا، فَلَا تَخْرُجُوا مِنْهَا﴾[5]، واتە: ئەگەر بیستان نەخۆشیەكی كوشندە لە خاكێكدا بڵاوبۆتەوە، مەچنە ئەوێ، ئەگەر لە خاكی ئێوەدا ئەو نەخوشییە كوشندەیە پەیدا بوو، دەرمەچن لێی.

بۆیە بە پێویستی دەزانین، سەرجەم موسڵمانان پێشوەخت لە ئامادەباشییەكی تەواودا بن، بۆ رووبەڕووبوونەوە و خۆپاراستن لەو نەخۆشییە كوشندەیە، بەوەی بێ جیاوازی خۆیان لە شوێنە گشتییەكان بە دوور بگرن، بۆ ئەوەی ژیانیان لە مردن بپارێزن، چونكە ئەوەی جێی مەترسییە لە سەرەتاوە كەسی تووشبوو تاوەكو ١٥ رۆژ هیچ نیشانەیەكی پەتاكەی لێ دەرناكەوێت، دەكرێت دوو هەفتە موسڵمانان نەچن بۆ نوێژی جومعە، یان دەتوانن نوێژی جەماعەت نەكەن، هەر بۆ ئەوەی ئامانجە خواییەكە ﴿المقاصد الشريعة﴾ بپێكن، كە بریتییە لە (پاراستنی نەفس)، كە لە بەرژەوەندییە پێویستییەكان ﴿المصالح الضرورية﴾ هەژمار دەكرێت، گرنگ ئەوەیە لە سەرەتاوە بەربەستێك دروست بكرێت، چونكە لەو دوو هەفتەیەدا نیشانەكان دەردەكەون، ئەگینا كەسی تووشبوو لە سەرەتاوە بچێتە جومعە و جەماعەتیش زۆر ئاساییە هیچ نیشانەیەكی لێ دەرناكەوێت، بەوەش خەڵكێكی زۆر دەبنە هەڵگری ڤایروسەكە و كار لە كار دەترازێت، داوا لە مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی دەكەم، كە زۆر بوێرانەتر لەسەر ئەم بابەتە هەڵوەستە بكەن، چونكە مان و نەمانی ژیانمانی لە سەرە.

داواكارم لە خودای باڵادەست وڵاتمان و سەرجەم هاونیشتمانییانی هەموو جیهان لە بەڵاو موسیبەت و نەخۆشییە كوشندەكان بپارێزێت.

دووركەوتنەوە لە شوێنە گشتییەكان واجبە بەتایبەت لە سەرەتای ئاگاداربوونەوەمان لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەكە خوانەخواستە لە شارەكەمان، دەبێت باوەڕمان بە پسپۆڕ و شارەزایانی تەندروستی هەبێت

سەبارەت بەو نەخۆشییە وچۆنیەتی خۆپاراستن لێی موسڵمانان دەبێت گوێڕایەڵی رێنمایی پزیشكە بەڕێزەكان بن، چونكە ئەو پرسە پەیوەستە بە مان ونەمانەوەو، لەو رووەوە بە هەر كەمتەرخەمییەك لە بەرامبەر خودای گەورە لە قیامەتدا بەرپرسیار دەبین

---

١- سورة البقرة الاية ١٩٥ .
٢- الكامل في الشريعة والقانون للزلمي ج٤ ص٢٥٥
٣- سورة النحل الاية ٤٣ .
٤- الموافقات / الشاطبي / ج٢ ص ٨ .
٥- فتح الباري شرح صحيح البخاري رقم الحديث ٥٧٢٨ ج١٠ ص ٢٢٠ .





# هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا

ڤایرۆسی کۆرۆنا Coronavirus چوار جۆری هەیە: ئەلفا، بێتا، گاما لەگەڵ جۆری دێلتا، ئەوەی دووچاری مرۆڤ دەبێت و لە تووشبوویەك بۆ کەسێکی تەندروست دەگوازرێتەوە، لە جۆری ئەلفا و بێتایە، ڤایرۆسەکە بە خێرایی دەگوازرێتەوە، ئەگەرچی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ Covid-19 لە ڤایرۆسی ئەنفلوەنزای وەزری دژوارترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندە مەترسیدار نییە کە دووچاری تۆقین و دڵەڕاوکێمان بکات، چونکە زۆربەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ئەندازەی هەڵامەت سووکن و بە دەگمەن دەبنە ئەگەری ئاڵۆزیی وەکو هەوکردنی شانەی سییەکان، یان پەککەوتنی گورچیلەکان کە ژیان دەخەنە مەترسییەوە. هەروەها ڕێژەی چاکبوونەوە بەرزە، بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە بەرگریی سرووشتیی لەشیان باشە، ئەوەش روونکراوەتەوە کە پاش یەکەم تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەسەکە جارێکی دیکە تووشی نابێتەوە، لەبەر ئەوەی کە لەش بەرگریی بەرانبەر بە ڤایرۆسەکە پەیداکردووە. بەپێی ئامارە پزیشکییە جیهانییە باوڕپێکراوەکان ڕێژەی حاڵەتەکانی تووشبوون کە سووکن و بە تەواوی چاك دەبنەوە دەکاتە زیاتر لە ٨٠٪، ڕێژەی حاڵەتە سەختەکانیش کەمترە لە ٢,٣٪ کە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەرگریی لەشیان لاوازە، بۆنموونە کەسانی بەساڵاچوو لە سەرووی تەمەنی ٨٠ ساڵییەوە یان ئەو کەسانەی کە لەبەر نەخۆشیی دیکە سیستمی بەرگریی لەشیان لاوازە و بەرگەی سووکترین نەخۆشیی هەوکردن ناگرن.

پاش یەکەم تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەسەکە جارێکی دیکە تووشی نابێتەوە، لەبەر ئەوەی کە لەش بەرگریی بەرانبەر بە ڤایرۆسەکە پەیداکردووە

لە کەسانی تووشبوودا، دڵۆپ یان پڕوشکی دەردراوی ورد لەگەڵ هەناسەدانەوە، قسەکردن، کۆکە، یان پژمیندا دەردەچن و تا دوورییەکی دیارکراو بە دەورووبەردا بڵاودەبنەوە، زۆربەی ئەم پڕوشکانە دەکەونە سەر زەوی تا دووری یەك مەتر لە دەم یان لووتی نەخۆشەوە، کەسانی نزیك لەم دوورییە ئەگەری تووشبوونیان لێ دەکرێت.

**لەکاتی تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش و کۆکە وهەناسەتەنگی، یان گرفت لە هەناسەوەرگتندا، بە زووترین کات سەردانی بنکەی تەندروستی، یان نەخۆشخانە بکەن**

پاش ٢-١٤ ڕۆژ لە بەرکەوتن، یان گەیشتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە لەشی کەسێکی تەندروست، ئینجا نیشانەکان سەرهەڵدەدەن کە بریتین لە: نیشانەکانی هاوشێوەی هەڵامەت وەکو زیادبوونی دەردراوی لووت، یان لووتگیران، کۆکەی توند و وشك، پژمین، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، هەناسەتەنگی، یان گرفت لە هەناسەوەرگرتندا، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆری جەستەیی، ئازاری ماسوولکەکان، لەوانەشە کە نیشانەی دیکە لە تووشبوواندا دەربکەون وەکو: سکچوون، یان گرفتی دیکەی کۆئەندامی هەرس. ئاڵۆزییەکانی هەوکردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بریتین لە: هەوکردنی شانەی سییەکان و پەککەوتنی کۆئەندامی هەناسە Respiratory failure، هێدمەی میکرۆبی Septic shock، لەگەڵ پەککەوتنی ئەندامی دیکەی لەش، بەتایبەتی پەککەوتنی گورچیلەکان. نیشانەکانی هەوکردنی شانەی سییەکان Pneumonia: کۆکەی تەڕ بە دەردراوی سەوز، یان زەرد کە لەوانەیە کەمێك خوێنیشی لەگەڵ بێت، لەرز و تا هاوکات لەگەڵ ئارەقەکردن، هەناسەتەنگی، تەنکبوون و خێرابوونی هەناسە، ئازاری تیژ لە ناوچەی سینگدا کە لەگەڵ هەناسەی قووڵ و کۆکەدا توندتر دەبێت، کەمبوونەوە، یان نەمانی ئارەزووی خواردن، کەمبوونەوەی ئاستی وزەی لەش، هەستکردن بە هیلاکیی جەستە، هێڵنج و ڕشانەوە، بەتایبەتی لە منداڵدا، شێوان Confu-sion بەتایبەتی لە بەساڵاچوواندا. هەوکردنی شانەی سییەکان جگە لە پشکنینی سینگ لەلایەن دکتۆر، بەم ڕێگایانە دەستنیشان دەکرێت: پشکنینی خوێن، تیشکی ئێکس بۆ سینگ، پێوانەی ئاستی ئۆکسجین لە خوێندا، پشکنینی بەڵغەم. ماکەکانی پەیوەست بە هەوکردنی شانەی سییەکان کە ژیان دەخەنە مەترسییەوە بریتین لە: پەککەوتنی کۆئەندامی هەناسە، بەرزبوونەوەی هەوکردن لە لەشدا Sep-sis کە کۆنترۆڵکردنی گرانە و لەوانەیە ببێتە ئەگەری پەککەوتنی زۆربەی ئەندامەکانی لەش، کۆبوونەوەی دەردراو، یان کێم لە سییەکاندا Lung abscess. نیشانەکانی پەککەوتنی تیژی گورچیلەکان Acute kidney failure ئەمانەن: کەمبوونەوەی قەبارەی میز، ئاوسانی قاچ و پێیەکان، هەناسەتەنگی، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، شێوانی دەروونی، هێڵنج، هەستکردن بە لاوازبوون، یان بێهێزبوونی جەستە، ناڕێکبوونی لێدانەکانی دڵ،

**لەکاتی سەفەرکردندا دووربکەوە لە هەر کەسێک کە دووچاری کۆکە و تا بوویێت، هاوکات لەگەڵ زوو زوو شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابوون، یان پاککردنەوەی دەستەکان بە جێل یان سپرای ئەلکهولی کە ڕێژەکەی لە ٦٠٪ زیاتر بێت**

ئازاری سینگ، یان هەستکردن بە قورسایی لەسەر سینگدا، لە حاڵەتی سەختیشدا تووشبوو دووچاری پەرکەم، یان لەهۆشچوون، یان کۆما Coma دەبێتەوە.

پشکنینەکان بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا: پشکنینەکانی دەستنیشانکردن ئاسان و جێگای متمانەن، کە بریتین لە: وەرگرتنی نموونە، یان سامپلی سڕینەوە Swab لە لووت، یان قورگ، وەرگرتنی نموونەلە بۆریی هەناسە بە ئامێری پێنۆڕی بۆریی هەناسە Broncho-scope، پشکنینی بەڵغەم، هەروەها پشکنینی خوێن. هەر کەسێك دوچاری کۆکە، تا، هەناسەتەنگی، کرانەوەی قورگ و سەرئێشە بوویێت، بۆ دڵنیابوون پێویستە کە یەکێك لەم پشکنینانە ئەنجام بدات، بەتایبەتی ئەگەر لە شوێنێك گەڕابێتەوە کە ژمارەی تووشبووان تێیدا بەرز بێت.

ڕێگاکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا: شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابوون، یان گیراوەیەکی ئەلکهولی ڕۆژانە بۆ چەندین جار بەتایبەتی پاش (کۆکە و پژمین، بەکارهێنانی پارە، پاش سەردانی نەخۆش، پێش و پاش ئامادەکردنی خۆراك و پێش خواردن، پاش بەکارهێنانی تواڵێت، پاش بەرکەوتنی دەستەکان بە پەلەور، یان ئاژەڵ، پاش بەرکەوتنی دەستەکان بە هەر ڕوویەك لە دەرەوەی ماڵەوەدا.

- لەکاتی قسەکردن و وەستان لەگەڵ هەر کەسێکدا، پێویستە کە ماوەی نێوانیان لە یەك مەتر کەمتر نەبێت.
- دوورکەوتنەوە لە تەوقەکردن و ماچکردن، یان لەباوەشگرتن لە کاتی سڵاوکردندا.
- دوورکەوتنەوە لەو کەسانەی کە گومانی تووشبوونیان لێ دەکرێت.
- گرنگیدان بە جۆراوجۆرکردنی خۆراك.
- ڕۆژانە خواردنەوەی بڕێکی باشی ئاو.
- دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و خواردنەوە ئەلکهولییەکان.
- ڕێگرتن لە بەرکەوتنی دەستەکان بە دەموچاو و لووت.
- بەکارهێنانی کلینس لەکاتی پژمین، یان کۆکەدا.
- دوورکەوتنەوە لە شوێنی قەرەباڵغ و داخراو، بەکارهێنانی دەمامك لەکاتی چوون بۆ شوێنی قەرەباڵغ.
- پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی بەهێزکردنی سستمی بەرگریی لەش بە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، سووککردنی سترێس، هەروەها هاوسەنگکردنی خۆراك لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو خۆراکانەی کە ڤیتامینەکانی A، C، B6، D و E لەخۆدەگرن، لەگەڵ کانزاکانی زینك (تۆتیا)، سیلینیۆم، ئاسن وەك: میوە مزرەکان بۆنموونە پرتەقاڵ و لیمۆ و کیوی، مۆز، سەوزە گەڵا تاریکەکان، بیبەری شیرین، شلك، باوی، فستقی سوودانی، بندق، تۆوی گوڵەبەرۆژە، سپێناغ، برۆکۆلی، ماسیی تونە و سالمۆن، سیر، نۆك، پەتاتە، سینگی مریشك، پاقلەمەنییەکان، کوولەکە، ماست.
- لەکاتی هەستکردن بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و کۆکە، یان گرفت لە هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوەدا، پێویستە کە بە زووترین کات سەردانی بنکەی تەندروستی، یان نەخۆشخانە بکەیت، تا ئەوکاتەش هەوڵ بدە کە لەماڵەوە نەچیتە دەرەوە.
- هێشتنەوەی هەر گومانلێکراوێك لە کارانتیندا Quarantine کە بریتییە لە سنووردارکردنی جووڵەی کەس و کاڵاکانیان بە مەبەستی خۆپاراستن، یان ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا تا ئەوکاتەی لایەنی تەندروستی لە تووشبوون، یان تووش نەبوونیان دڵنیا دەبێت، ماوەی مانەوەی لە شوێنی کارانتین پەیوەستە بە جۆری نەخۆشی، بۆنموونە بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا مانەوە بۆ ١٤ ڕۆژ پێویست دەکات.

لەسەر هاووڵاتیانیش پێویستە کە لەسەر ئاستی کەسیدا بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بکەن:

- لەکاتی تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و کۆکە وهەناسەتەنگی، یان گرفت لە هەناسەوەرگرتندا، بە زووترین کات سەردانی بنکەی تەندروستی، یان نەخۆشخانە بکەن.
- لەکاتی سەفەرکردندا دووربکەوە لە هەر کەسێك کە دوچاری کۆکە و تا بوویێت،

**پسپۆران ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەگشتی حاڵەتەکانی تووشبوون لە نێو منداڵاندا بەبەراورد لەگەڵ گەورەکاندا کەمترن، بەڵام پێویستە بە هاوکاریی دایک و باوک و مامۆستایانی قوتابخانە هەنگاوەکانی خۆپاراستن بگرنە بەر**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک ڕێوشێنی نوێی گرتۆتە بەر بە مەبەستی خۆپاراستن و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا**

**لە قاوشی نەخۆشەکان پێویستە تەنیا یەک هاوەڵ لەگەڵ کەسی نەخۆشدا بێت، لە بەشەکانی چاودێریی چڕدا پێویستە نەخۆش بەتەنیا بێت و ڕێگا بە هاوەڵ نادرێت بچێتە ژوورەوە**

**لەسەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی پارێزگا و قەزا و شارۆچکەکانی هەرێم پێویستە کە بە چڕی چاودێریی فڕۆکەخانە و خاڵە سنوورییەکانی هەرێم بکەن و، ئەمەش پاش دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەلی خۆپاراستنی کەسی و دابینکردنی کارمەندی ڕاهێنراو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو حاڵەتانەی کە گومانی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لێ دەکرێت**

**بڕیاردراوە هەر کەسێک کە لە وڵاتی چین، یان ئێران، یان لەو وڵاتانەی کە ژمارەی تووشبووانیان تێدا بەرزە، کە دەگاتە هەرێم جیابکرێتەوە لە کەرەنتین و پشکنینی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا نییە، ئینجا ڕێگای پێ بدرێت کە بێتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان**

**قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بڕیاریداوە کە مەیدانی کڕین و فرۆشتنی پەلەوەر و باڵندە لە شاری هەولێر دابخرێت و ڕێگری لە کۆبوونەوەی زۆری خەڵک لە بازاڕەکاندا بکرێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی ماوەی دەوامکردنی فەرمانبەران لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا**

هاوکات لەگەڵ زوو زوو شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابوون، یان پاککردنەوەی دەستەکان بە جێل یان سپرای ئەلکهولی کە ڕێژەکەی لە ٦٠٪ زیاتر بێت. لەناو فڕۆکەدا ئەگەر هەستت بە هەر نیشانەیەکی وەکو تا یان کۆکە یان هەناسەتەنگی کرد، بە زووترین کات ستافی ناو فڕۆکە ئاگادار بکەوە.

- دوورکەوتنەوە لە بەرکەوتنی دەستەکان بە دەم و لووت و چاوەکان.
- لەکاتی کۆکە یان پژمیندا، پێویستە کە دەم و لووتت بە کلینس بپۆشیت، یان بە دەم و لووتت بە ئەنیشکدا بگریت، پاشان ڕاستەوخۆ دەستەکانت بە ئاو و سابوون بشۆ، یان بە سپرای ئەلکهولی بیانسڕیتەوە.
- لەکاتی پۆشینی دەمامک، یان ماسک، پێویستە کە هەموو دەم و لووتت داپۆشێت، پاش بەکارهێنان ماسکەکە فڕێ بدە ناو سەلەی زبڵ، یان شوێنی پاشماوەکان، ئینجا ڕاستەوخۆ دەستەکانت بە ئاو و سابوون بشۆ، یان بە جێڵ، یان سپرای ئەلکهولی پاکیان بکەوە.
- بەردەوام پەیڕەوی ئاگاداری و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی بکە.

هەنگاوەکانی خۆپاراستنی منداڵ لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا: پسپۆران ئاماژەیان بەوە کردووە کە بەگشتی حاڵەتەکانی تووشبوون لە نێو منداڵاندا بەبەراورد لەگەڵ گەورەکاندا کەمترن، بەڵام پێویستە بە هاوکاریی دایک و باوک و مامۆستایانی قوتابخانە هەنگاوەکانی خۆپاراستن بگرنە بەر، بۆنموونە فێرکردنیان بۆ زوو زوو شووشتنی دەستەکان، زوو ئاگادارکردنەوەی دایک و باوک لەکاتی هەستکردن بە هەر نیشانەیەکی پەیوەست بە ئەنفلونزا، بەتایبەتی کۆکە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش.

ئامادەکاری و ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا:

پاش کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەت بە چارەسەری کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی فێرکاریی هەولێر و سەردانی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستیی هەرێم، پاشان کردنەوەی سەنتەری دیکە لە قەزای سۆران و شاری سلێمانی و دهۆک و چەندین شارۆچکەی دیکەی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان گەلێك ڕێوشوێنی نوێی گرتۆتە بەر بە مەبەستی خۆپاراستن و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا، بۆنموونە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێم بۆ هەمان مەبەست چەند بڕیارێکی گرنگیان بڵاوکردەوە، لەوانە ڕێگرتن لە سەردانکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومی و ئەهلییەکاندا، هەروەها لە قاوشی نەخۆشەکان پێویستە تەنیا یەك هاوەڵ لەگەڵ کەسی نەخۆشدا بێت، لە بەشەکانی چاودێریی چڕدا پێویستە نەخۆش بەتەنیا بێت و ڕێگا بە هاوەڵ نادرێت بچێتە ژوورەوە. وەزارەتی تەندروستی هیواخوازە کە لە پێناو پاراستنی تەندروستیدا، هاووڵاتیان بە تەواوی پابەندی ڕێنماییەکانی دەزگا تەندروستییە حکومییەکان بن و پاڵپشت بن بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. لە لایەکی دیکەوە، یەکێتی مامۆستایانی ئایینی و ئەنجوومەنی فەتوای هەرێم بە مەبەستی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بڕیاریاندا بە هەڵپەساردنی کۆبوونەوە لە پرسەکاندا لەگەڵ جەختکردنەوە لە پاکوخاوێنیی زیاتر لەکاتی چوون بۆ مزگەوتەکان.

هاوکات بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ڕێنماییەکی تایبەتی بە فڕۆکەخانە و خاڵە سنوورییەکانی دەرکرد، لە ڕێنماییەکاندا هاتووە کە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی پارێزگا و قەزا و شارۆچکەکانی هەرێم پێویستە کە بە چڕی چاودێریی فڕۆکەخانە و خاڵە سنوورییەکانی هەرێم بکەن و، ئەمەش پاش دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەلی خۆپاراستنی کەسی و دابینکردنی کارمەندی ڕاهێنراو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو حاڵەتانەی کە گومانی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لێ دەکرێت، بۆنموونە بەکارهێنانی ئامێری گەرمی پێوی تیشکی ژێرەوەی سوور In-frared thermometer، یان دەمانچەی پێوانەی



گەرمی Temperature gun کە ئاراستەی هەر شوێنێکی لەش بکرێت، بە دوورییەکی کەم پلەی گەرمیی لەش دیار دەکات، هەروەها ئەم ئامێرە دەتوانێت پلەی گەرمیی سیلیزی بۆ فەهرەنهایت بگۆڕێت. جگە لەمانە، بڕیاردراوە هەر کەسێك کە لە وڵاتی چین، یان ئێران، یان لەو وڵاتانەی کە ژمارەی تووشبووانیان تێدا بەرزە، کە دەگاتە هەرێم جیابکرێتەوە لە کەرەنتین و پشکنینی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا نییە، ئینجا ڕێگای پێ بدرێت کە بێتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان. بۆ هەمان مەبەست و گرتنەبەری هەنگاوی زیاتر بۆ خۆپاراستن و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە دەروازەی حاجی ئۆمەرانیش، کۆمەڵگای دەروازەکە ئاگاداری بۆ گشت فەرمانگە و بازرگان و کۆمپانیا و دەرهێنەرانی گومرگی یاریدەدەرەکانی لە سنووری حاجی ئۆمەران بڵاوکردەوە، کە تێیدا جەخت لە جێبەجێکردنی هەموو بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکارەکانی وەزارەتی تەندروستی و ڕێنماییەکانی پارێزگای هەولێر و وەزارەتی ناوخۆ دەکات، هەروەها گرتنەبەری ڕێکاری چڕی تەندروستی و ئاسایشی لە کرداری گواستنەوەی کەلوپەل و بارەکانی ترانزێت لە گۆڕەپانی دەروازەی حاجی ئۆمەران لە بارهەڵگرەکانی ئێرانی بۆ تانکەر و لۆرییەکانی عیراقی دەگوازرێنەوە، واتە ڕێگا بە هاتنەژوورەوەی بارهەڵگرانی ئێرانی و شوفێرەکانیان نادرێت بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان.

بڕیار و ڕێنماییەکانی دیکە بریتین لە: داخستنی سەرجەم پیشانگاکانی ئۆتۆمبێل لە سنووری شاری هەولێر لە ڕۆژانی هەینیدا تا ڕێکەوتی یەکی نیسان، هەروەها قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بڕیاریداوە کە مەیدانی کڕین و فرۆشتنی پەلەوەر و باڵندە لە شاری هەولێر دابخرێت و ڕێگری لە کۆبوونەوەی زۆری خەڵك لە بازاڕەکاندا بکرێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی ماوەی دەوامکردنی فەرمانبەران لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا، هەروەها داخستنی پیشانگای کتێب لە پیشانگای نێودەوڵەتی هەولێر تا کاتێکی نادیار، هاوکات چاوەڕوان دەکرێت کە سەرجەم گازینۆ و یانەکانی خواردنەوە دابخرێن. هەروەها بۆ هەمان مەبەستی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بڕیاری داوە کە لە بازگەکاندا پشکنینی چڕوپڕ بۆ هاووڵاتیان بکرێت.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان بەردەوام جەخت دەکاتەوە کە پێویستە لەسەر هەموو لایەك کە پابەندی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ بن و، پاڵپشتی تیمەکانی تەندروستی بکەن، بۆ دۆزینەوەی هەر گومانلێکراوێك، یان هەر گەشتیارێك کە پشکنینی بۆ ئەنجام نەدرابێت، وەزارەتی تەندروستی هاووڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە، کە بە مەبەستی پاراستنی هاووڵاتیان و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا، بە بەردەوام هەموو ڕێکار و کارێکی پێویست دەگرێتە بەر.

**بۆ هەمان مەبەستی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر بڕیاری داوە کە لە بازگەکاندا پشکنینی چڕوپڕ بۆ هاووڵاتیان بکرێت**

**وەزارەتی تەندروستی هاووڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە، کە بە مەبەستی پاراستنی هاووڵاتیان و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستاندا، بە بەردەوام هەموو ڕێکار و کارێکی پێویست دەگرێتە بەر**

# ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ١٦ ڕێنمایی نوێی بڵاوکردەوە

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی(WHO) ١٦ ڕێنمایی بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە، تێیدا هەندێک شوێن دیاری دەکات کە ڤایرۆسی کۆرۆنای پێدا تێناپەڕێت.

ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەرچەند ڤایرۆسێکە هەتا ئێستا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام هەندێک خۆپارێزی هەیە کە دەتواندرێت بە جێبەجێکردنی خۆمان لە تووشبوون لە ڤایرۆسەکە بپارێزین، لەو چوارچێوەیەشدا ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هەندێک ڕێنمایی نوێی بڵاوکردووەتەوە.

ڕێنماییەکان:

- ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پێستی ساغ تێناپەڕێت و تا ١٠ خولەك لەسەر پێست زیندووە، بۆیە گەر دەستەوانەتان لەدەست نییە دوودڵ مەبن تەنیا دەست لە دەمولوتی خۆتان مەدەن.

- ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر پارچە قوماش ٦ تا ١٢ کاتژمێر و ئاسن ١٢ تا ٢٠ کاتژمێر و لەسەر ستیل تا ٢٠ ڕۆژ بەزیندوویی دەمێنێتەوە.

- ئەم ڤایرۆسە تا ٦٠ پلە ژێر سفر زیندووە، بەڵام لەگەرمای سەروی ٣٠ پلە دەمرێت، بۆیە باشتر وایە شوشتن و خاوێن کردنەوەکان بەئاوی گەرم بێت.

- کۆرۆنا بە ئاوی گەرم و پاککەرەوەکانی ماڵەوە لە ناو دەچێت.

- جلوبەرگ وا باشە لەبەر تیشکی هەتاو یان سۆپا وشك بکرێتەوە.

- بە ئاوی گەرم خۆتان بشۆن.

- بە هیچ شێوەیەك ئاوی سارد و خواردنی سارد مەخۆن، ئاوی گەرم قاوەی گەرم خواردنەوەی گەرم بخۆنەوە.

- شوێنی گردبونەوەی سەرەکی ئەم ڤایرۆسە لەناولوتە، بۆیە هەردەم لوتتان بە ئاوی گەرم بشۆن.

World Health Organization

- گەر دەستان ناگاتە خواردنەوەی گەرم بنێشت بجون تا بەردەوام قورگتان بە ئاوی دەمتان تەڕ بێت

- شوێنی ژیان و کارتان با هەوا گۆرکێی هەبێت.

- لە ڕۆژدا چەندین جار بۆ ماوەی ١٠ تا ١٥ چرکە هەناسەتان بگرن و بیدەنەوە، گەر کۆکە یان تەنگە نەفەسیتان هەبوو پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەن، ڕێگە مەدەن توشی تەنگەنەفەسی ببن و پاشان سەردانی پزیشك بکەن ڕەنگە درەنگ بێت.

- گەر لە ماڵ دەچنەدەرەوە (فەرمانبەر ، کرێکار ، دوکاندار و ...)ن، یەکەم: ڕەچاوی مەودای نێوانتان کەمتر نەبێت لەمەتر و نیوێك، دووەم: بەهۆی قورسی ئەو ڤایرۆسە لە سنووری ٤٠٠ تا ٥٠٠ سم بڕ ناکات و دەکەوێتە سەرزەوی بەو هۆیەوە پێڵاوەکانتان سەرچاوەیەکی گرنگی توش بوونە بەو ڤایرۆسە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك نەیبەنە ناو ماڵەوە.

- کاتی پژمین و کۆکە تا پێتان دەکرێت لەکەسانی تر دوور کەونەوەوە بەهەرشتێك کەبەر دەستان دەکەوێت بەتوندی پێش دەم و لووتی خۆتان بگرن و تا چەند چرکەیەك بەری مەدەن تا هەموو دەرهاویشتەکان بگرێتە خۆی و بڵاونەبێتەوە.

- بەهۆی گەورەیی ئەو ڤایرۆسە هەر جۆرە دەمامکێك لەشوێنە گوماناوییەکان دەتوانرێت پارێزەرت بێت ( قوماش، کلینیکس) و جۆرەکانی تری بەمەرجێك دەمامکەکە وشك بێت و پێویستە زوو زوو بگۆڕدرێت.

- پێویست ناکات هەموو ئەو جلو بەرگانەی لەبەر دەکرێت بشۆردرێت بەڵکو لەسەر شوڤاژ یان دانانی ڕاستەوخۆی لەبەر تیشکی خۆر پاکی دەکاتەوە.

- دوای شوشتنی دەستتان گەر بۆ شوێنی گوماناوی نارۆن پێویستە بەکرێم یان ڤازلین چەور بکرێت تا بە تێپەربوونی کات توشی ئەگزیمای پێست نەبن.

ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠

# چوارگۆشەی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق



کودەتاکەی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم بوو، بە سەر رژێمی پادشایەتیی عێراقدا، بۆیە هەتا ئێستاش بە شۆڕش ناو دەبرێت، نەك تەنیا کودەتایەکی سەربازی، لەبەر ئەوەیە کە لە نووسینەوەی دەستووری کاتیی عێراقدا، دەوڵەتی عێراق وەك نیشتمانی هاوبەشی (کورد و عەرەب) پێناسە کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو کودەتا سەربازییە تەنیا گۆڕینی رژێمێکی سیاسی نەبووە، بە حوکمڕانییەکی میلیتاری، بەڵکو شۆڕشێکیش بووە لە بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا، بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمایەکی دروست، بەڵام کاتێك قاسم ئەم رێگە راستەی بە لاڕێدا برد و، دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ نەکرد، ئەوا گەلی کوردستان بە رێبەرایەتیی مستەفا بارزانی بە هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەڵامی دایەوە.

کودەتاکەی ١٧-٣٠ تەمموزی ساڵی ١٩٦٨ی حزبی بەعسیش بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن، بەسەر رژێمی عەبدولڕەحمان عارف، نەك هەر تەنیا وانە و پەندی لە رێگە راستەکەی عەبدولکەریم قاسم وەرگرتبوو، بەوەی بە بێ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان هیچ حوکمڕانی و حکومەتێك سەقامگیر و بەردەوام نابێت، لە هەمان کاتدا لای ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن ئەو قەناعەتەش دروست بوو، کە کێشەی گەلی کوردستان تەنیا لەگەڵ ئەو رابەر و بزووتنەوەیە چارەسەر دەکرێت، کە گەلی کوردستان بە رابەر و بزووتنەوەی خۆی دەزانێت، بۆیە وێڕای ئەوەی باڵی جیابووەوەی (مەکتەبی سیاسی پارتی) بە بەرنامەیەکی سیاسیی ئۆلیگاریشی و ژمارەیەکی زۆری چەکداریشەوە، هاوپەیمانی حزبی بەعس بوون و هاوشانی هێزەکانی سوپای عێراق شەڕی پێشمەرگە وشۆڕشی ئەیلوولیشیان دەکرد، بەڵام سەدام حوسێن خۆی چووە بارەگای بارزانی لە چۆمان و، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٠ رێککەوتنی ئاداری لەگەڵ مستەفا بارزانی گەڵاڵە کرد و لە رۆژی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دوای ئەوەی لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆمارەوە واژوو کرا، رێککەوتنەکە بە فەرمی راگەیەندرا و، ناوەڕۆکی ئەم رێککەوتنەش بەو جۆرە بوو کە لە ماوەی چوار ساڵدا هەوڵ بدرێت، هەموو خاڵەکانی جێبەجێ بکرێت، پاشانیش هەموو ئەو مافانە لە چوارچێوەی یاسایەك بە ناوی (یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کوردستان) بچەسپێندرێن و، گەلی کوردستان لە رێگەی هەردوو دامەزراوەی یاسایی خۆی (ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی راپەڕاندن) کاروباری خۆی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەڕێوە ببات، بەڵام سەدام و حزبی بەعس لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ لە بری ئەوەی یاسایەکی ئۆتۆنۆمیی ئەوتۆ بۆ گەلی کوردستان دەربکەن، کە دەقی رێککەوتنی ئاداری تێدا بەرجەستە بێت، هاتن یاسایەکی کارتۆنییان بۆ ئۆتۆنۆمی دەرکرد، کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ دەق و ناوەڕۆکی رێککەوتنی ١١ی ئادار، یەکی نەدەگرتەوە، بەمەش جارێکی دیکە لە نێوان بەعس و شۆڕشی ئەیلولدا شەڕ هەڵگیرسایەوە.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٤-١٩٧٥، سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان هەوڵەکانی خۆی بۆ شێوازی پەیوەندیی نێوان کوردستان و بەغدا بەو جۆرە دارشتەوە، کە چیتر (حوکمی زاتیی کارتۆنی) قبوول ناکرێت و، دەبێت لە دانوستانەکانی داهاتوودا باس لە جێبەجێکردنی (حوکمێکی زاتیی راستەقینە) بکرێت، دیارە حوکمی زاتیی راستەقینەش تەنیا بە یاسایەکی رژێمێکی دیکتاتۆری نایەتەدی، بۆیە سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول لیژنەیەکی بۆ دارشتنی پرۆژەی فیدراڵیزەکردنی عێراق دروست کرد، بۆ ئەوەی ئەقڵییەتی حوکمڕانانی عێراق بزانن، کە عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە، کوردیش وەك عەرەب ئەو مافەی هەیە کە هەم خۆی حوکمڕانی لە هەرێمەکەی خۆیدا بکات، هەم ئەو مافەشی هەیە کە لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاردروستکردن لە ناو دەوڵەتە فیدراڵییەکەدا بەشدار بێت.

**ودەتاکەی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ی عەبدولکەریم قاسم بوو، بە سەر رژێمی پادشایەتیی عێراقدا، بۆیە هەتا ئێستاش بە شۆڕش ناو دەبرێت، نەک تەنیا کودەتایەکی سەربازی، لەبەر ئەوەیە کە لە نووسینەوەی دەستووری کاتیی عێراقدا، دەوڵەتی عێراق وەک نیشتمانی هاوبەشی (کورد و عەرەب) پێناسە کراوە**

**کاتێک قاسم ئەم رێگە راستەی بە لاڕێدا برد و، دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ نەکرد، ئەوا گەلی کوردستان بە رێبەرایەتیی مستەفا بارزانی بە هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول وەڵامی دایەوە**

**لای ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن ئەو قەناعەتەش دروست بوو، کە کێشەی گەلی کوردستان تەنیا لەگەڵ ئەو رابەر و بزووتنەوەیە چارەسەر دەکرێت، کە گەلی کوردستان بە رابەر و بزووتنەوەی خۆی دەزانێت**

**سەدام و حزبی بەعس لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ لە بری ئەوەی یاسایەکی ئۆتۆنۆمیی ئەوتۆ بۆ گەلی کوردستان دەربکەن، کە دەقی رێککەوتنی ئاداری تێدا بەرجەستە بێت، هاتن یاسایەکی کارتۆنییان بۆ ئۆتۆنۆمی دەرکرد، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەق و ناوەڕۆکی رێککەوتنی ١١ی ئادار، یەکی نەدەگرتەوە**

دیاره سەدام و حزبی بەعس، لە شەڕی ساڵانی ١٩٧٤- ١٩٧٥ نەك هەر نەیانتوانی بە زەبری چەك و بۆمب و فڕۆكە، چۆك بە گەلی كوردستان دابدەن و حوكمی زاتییە كارتۆنییەكەیان بەسەردا بسەپێنن، بەڵكو لە ماوەی ئەو ساڵەدا سوپای عێراق بە شێوازێك بڕستی لێ بڕابوو، كە بەرگەی یەك دوو مانگی دیكەی نەدەگرت، بەڵام سەدام حوسێن پەنای بۆ پیلانێكی نێودەوڵەتی برد و بە ناوبژیوانیی هاواری بومدیەنی (سەرۆكی ئەو كاتی جەزائیر) و هێنری كیسنجەری (وەزیری دەرەوەی ئەوكاتی ئەمریكا)، چۆكی لە بەردەم شای ئێراندا دادا و دەستی لە بەشێكی خاك و ئاوی عێراق هەڵگرت، لە پێناو ئەوەی شكست بە سەر شۆڕشی كوردستاندا بهێنێت، سەدام وا بیری دەكردەوە كە بە نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول، ئیدی گەلی كوردستان دەستەمۆ دەبێت و، ئەوەی بیەوێت بۆی دەچێتەسەر، بەڵام پاشگەزبوونەوەی لە ڕێككەوتنی ئادار، كارەساتێكی بەسەر عێراقدا هێنا، كە وێڕای ئەوەی ماوەی ١٧ ساڵ بە سەر رووخانی ڕژێمی بەعس تێپەڕیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەقڵییەتی حوكمڕانانی عێراقیش لە ٢٠٠٣ – هەتا ئێستا گۆڕانكارییەكی ریشەیی بۆ شێوازی چارەسەركردنی كێشەكانی گەلی كوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لا دروست نەبووە، هەتا ئێستاش پڕۆسەی حوكمڕانی لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پڕۆسەیەكی شكستخواردووە و، ئەگەر بەم ئاراستەیە بەردەوام بن، ئەوا كۆتایی مەرگی عێراق وەك دەوڵەتێكی یەكپارچە و یەكگرتوو دەبێتە راستییەكی حەتمی.

**سەركردایەتیی شۆڕشی كوردستان هەوڵەكانی خۆی بۆ شێوازی پەیوەندیی نێوان كوردستان و بەغدا بەو جۆرە دارشتەوە، كە چیتر (حوكمی زاتیی كارتۆنی) قبووڵ ناكرێت و، دەبێت لە دانوستانەكانی داهاتوودا باس لە جێبەجێكردنی (حوكمێكی زاتیی راستەقینە) بكرێت**

**شۆڕشی ئەیلوول لێژنەیەكی بۆ دارشتنی پڕۆژەی فیدراڵیزەكردنی عێراق دروست كرد، بۆ ئەوەی ئەقڵییەتی حوكمڕانانی عێراق بزانن، كە عێراق نیشتمانی هاوبەشی كورد و عەرەبە، كوردیش وەک عەرەب ئەو مافەی هەیە كە هەم خۆی حوكمڕانی لە هەرێمەكەی خۆیدا بكات**

**سەدام حوسێن پەنای بۆ پیلانێكی نێودەوڵەتی برد و بە ناوبژیوانیی هاواری بومدیەنی (سەرۆكی ئەو كاتی جەزائیر و هێنری كیسنجەری (وەزیری دەرەوەی ئەوكاتی ئەمریكا)، چۆكی لە بەردەم شای ئێراندا دادا و دەستی لە بەشێكی خاک و ئاوی عێراق هەڵگرت، لە پێناو ئەوەی شكست بە سەر شۆڕشی كوردستاندا بهێنێت**

ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژەپێكردن و وەبیرهێنانەوەیە و پەیوەندی بە جێبەجێكردنی راستەقینەی ڕێككەوتننامەی ئادارەوە هەیە و، ئێستا بووەتە (مافە دەستوورییەكانی هەرێم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا)، ئەوەیە كاتێك ساڵی ١٩٩١ نێچیرڤان بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلال لە چوارچێوەی سەركردایەتی شاندێكی بەرەی كوردستانی بۆ دانوستاندن لەگەڵ سەدام حوسێن دەچنە بەغدا، سەدام حوسێن بە نێچیرڤان بارزانی دەڵێت: «من بۆ ڕێككەوتنی ئادار لەگەڵ باپیریت دانوستاندنم كردووە، ئێستاش لەگەڵ نەوەكەی»، لە وەڵامدا نێچیرڤان بارزانی بە سەدام دەڵێت: «ئەگەر كێشەی گەلی كوردستان چارەسەر نەكرێت، ئەوا دڵنیابە لەگەڵ نەوەكەی منیش دەبێت دابنیشن»، دوای ئەم وەڵامە سەدام دەڵێت: «هەرگیز چاوەڕێی ئەم وەڵامەم لەم لاوە نەبوو»، لەو كاتەدا مام جەلال دێتە وەڵام و پێی دەڵێت: «هەر ئەوە لە نەوەی بارزانی چاوەڕوان دەكرێت».

ڕێككەوتنی ١١ی ئادار بازنەیەكی نیشتمانییە و كەس ناتوانێت لە دەرەوەی ئەو بازنەیە بێت، تێكڕای هاونیشتمانیانی كوردستان ئەوجا (كورد بن، یان كلدان و ئاشووری، یان توركمان) هەروەها ئایدیۆلۆژیەتی سیاسییان (پارتی بن، یان هەر حزب و بزووتنەوەیەكی سیاسی)، ئەوا كاتێك بیانەوێت لەسەر مافەكانی گەلی كوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق دانوستاندن بكەن، ئەوا خۆیان لە ناو ئەو بازنەیەدا دەبیننیەوە كە ڕێككەوتنی ١١ی ئادار دروستی كردووە.

لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا هیچ كاتێك ڕێككەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی وەك دەستكەوتێكی حزبی بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان لە قەڵەم نەداوە، بەڵام لە دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە، ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی لە گۆڕەپانەكەدا دروست بوون، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بووە كە ڕێككەوتنامەی ئادار وەك ڕێككەوتنێكی بێ بەهای پارتی دیموكراتی كوردستان لەقەڵەم بدەن، بۆ ئەمەش دروشمی بریقەدار و گەورەیان بەرز دەكردەوە، بەوەی ئەوان بە حوكمی زاتی رازین و دەبێت، ڕێككەوتنێكی باشتر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق ئەنجام بدرێت، بەڵام وێڕای ئەم هەموو دروشمە بریقەدارانە، حكومەتی بەعس و سەدام لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٧ هەر هەوڵێكی بۆ دانوستاندن لەگەڵ هەر لایەنێكی سیاسیی كوردستان دابێت، وەڵامی لایەنە سیاسییەكانی كوردستان

بەو جۆرە بووە، ئەگەر تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئادار جێبەجێش نەکرێت، ئەوا دەبێت بەشێك لەو بەندانە جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو لایەنە سیاسییە بتوانێت لە ناو گەلی کوردستاندا قسەیەك بکات.

سەدام و حزبی بەعس، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ١٠ ساڵی نێوان ١٩٧٧-١٩٨٨ چەند وتووێژێکی ئاشکرا و نهێنییان لەگەڵ چەند لایەنێکی کوردستانی ئەنجام دا، بەڵام ئەو قەناعەتەشی لابوو، هەر ڕێککەوتنێك لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسیی کوردستان بکرێت و، پارتی دیموکراتی کوردستانی بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی لەگەڵ نەبێت، ئەوا ئەو ڕێککەوتنە لای گەلی کوردستان هیچ ئیعتیبارێکی نابێت، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٣ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە فەرمی و ئاشکرا دەستی بە وتووێژ و دانوستاندن لەگەڵ ڕژێمی بەعس و سەدام کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی وتووێژێکی تاکلایەنانە بوو، ئەوە بوو نەك هەر هیچی لێ سەوز نەبوو، بەڵکو بێجگە لە ئاگربەستێکی شلۆق لە نێوان یەکێتی نیشتمانی و ڕژێمی بەعس، نەتوانرا ناویشی لێ بنرێت دانوستاندنی نێوان گەلی کوردستان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق.

دوای دروستبوونی بەرەی کوردستانی و ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان، جارێکی دیکە ڕێککەوتننامەی ئادار بووەوە بە نەخشەڕێگە بۆ دانوستاندنی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەعس و سەدام، بەڵام ئەمجارەیان سەدام قەناعەتی تەواوی لا دروست ببوو، ئەگەر لەگەڵ بەرەی کوردستانی نەگاتە ئەنجامێك کە خۆی مەبەستی بوو، ئەوا دەبێت ئەم کێشەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە کۆڵی خۆی و ڕژێمەکەی بکاتەوە، دیارە ئاکامی دانوستاندنەکانی ساڵی ١٩٩١ی بەرەی کوردستان و بەعس و سەدامیش هەر بەوجۆرە شکایەوە، کە ڕژێمی بەعس و سەدام، تەواوی دامەزراوەکانی خۆی لە کوردستان کێشایەوە، سەدام لەم بڕیارەی بەرامبەر کوردستان، ئەو ئامانجەی هەبوو، کە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی، سەرکردایەتییەکی فرەچەشن و فرەئایدیۆلۆژییە و ناتوانن بڕیارێکی دروست بدەن، بەڵام سەرۆك مسعود بارزانی بە لۆژیکی خۆی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام بدرێت و، گەلی کوردستان بە ئیرادەی خۆی دامەزراوە شەرعییەکانی (ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکردن) دابمەزرێنێت، سەرۆك مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوە ئامانجیان بوو، کە دەبێت ئیرادەی گەلی کوردستان خۆی بە تەواوەتی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ جێبەجێ بکات، هەر بۆیە پارتی بە هەمان دروشمی (ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، بەشداری یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادی کوردستانی کرد و بە ڕێژەی ٥١٪ متمانەی خەڵکی کوردستانیشی بەدەست هێنا، لە یەکەم هەنگاویشیدا، ناوی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنی گۆڕی بۆ (پەرلەمان و حکومەتی کوردستان) لەمەش زیاتر هەر لە ناو ئەم پەرلەمانەوە کە پارتی ڕێژەی ٥١٪ی کورسییەکانی هەبوو، تەنیا دوای چوار مانگ لە ٤ی ١٠ی ١٩٩٢، بە چەپڵەڕێزان (بڕیاری فیدراڵی) لە پەرمانی کوردستان پەسەند کرا.

ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ئادار و هەنگاوەکانی سەرۆك مسعود بارزانی، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە چوارگۆشەی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق (ئەوجا ئەو دەسەڵاتدارانە هەر کەس و مەزهەبێك بن) لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئادارەوە دەستی پێ کردووە و، لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری (فیدراڵی و ریفراندۆم)ی پەسەند کردووە، ئێستاش هەر ئەو نەخشەڕێگەیەی لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادارەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و دەوڵەتی عێراق دیاری دەکات.

**سەرۆک مسعود بارزانی بە لۆژیکی خۆی سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام بدرێت و، گەلی کوردستان بە ئیرادەی خۆی دامەزراوە شەرعییەکانی (ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی جێبەجێکردن) دابمەزرێنێت**

**لەبەر ئەوەی ئەقڵییەتی حوکمڕانانی عێراقیش لە ٢٠٠٣ – هەتا ئێستا گۆڕانکارییەکی ریشەیی بۆ شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لا دروست نەبووە، هەتا ئێستاش پڕۆسەی حوکمڕانی لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پڕۆسەیەکی شکستخواردووە**

**حکومەتی بەعس و سەدام لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٧-١٩٨٧ هەر هەوڵێکی بۆ دانوستاندن لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسیی کوردستان دابێت، وەڵامی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەو جۆرە بووە، ئەگەر تەواوی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئادار جێبەجێش نەکرێت، ئەوا دەبێت بەشێک لەو بەندانە جێبەجێ بکرێت**



نکۆڵی لە شوێنەوارە مەترسیدارەکانی کۆرۆنا لەسەر مرۆڤ و بواری بژێویی ژیان و ئابووری ناکرێت، ئەم پەتایە بووەتە مۆتەکەیەکی ئابووری و هۆکاری سستبوون و لاوازیی جموجووڵی بازرگانیی نێودەوڵەتی و کاریگەرییە ئابوورییەکانی لەسەر بۆرسە و بازاڕە جیهانییەکان، گەورەیی مەترسییەکە دەردەخەن، بەمەش ئاستی گەشەی ئابووری جیهان بە دۆخێکی خراپدا تێپەڕ دەبێت، بۆ قسەکردن لەسەر شوێنەوارەکانی کۆرۆنا لەسەر ئابووریی جیهان و عێراق و کوردستان، بەتایبەتی دوای دابەزینی نرخی نەوتی خاو، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شەعبان شارەزا و پسپۆڕی ئابووری کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

## پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان

شارەزا و پسپۆڕی ئابووری بۆ گوڵان:

# پێویستە لە مەودای نزیکدا چاوخشاندنەوە بە سیاسەتی داهات و خەرجییەکاندا بکرێت و لە مەودای درێژخایەندا بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی ببووژێندرێتەوە

*** وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی ئابووری چۆن دەڕوانیتە بارودۆخی ئابووریی ئەمڕۆی جیهان، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا؟**

- کۆرۆنا و قەبارەی زیان و مەترسییەکانی ئەم پەتا جیهانییە لە سەرووی پێشبینی و پێشهاتەکانی ئابووریناسانەوە بوو. ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمەکانی ووهان و دوو گەورە شاری پیشەسازیی چینەوە بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان تەشەنەی کرد، دوای ئەوەی داخستنی سنوورەکانی هەرێمەکە و گەمارۆدانی ٥٠ ملیۆن کەس لە بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی پەتاکە لە ناو چین و وڵاتانی دیکەی جیهان ڕێگر نەبوو، هەرچەندە حکومەتەکان چەندین ڕێوشوێنی توندیان بەرامبەر هاتوچۆی کەسەکان و کەمکردنەوەی ئاڵوێری بازرگانی گرتەبەر، بەڵام دەرئەنجام بە شێوەیەکی زۆر خێرا پەتاکە تەشەنەی کردو، کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر کەمبوونەوەی جموجووڵی بازرگانی و پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان وڵاتان هەبوو. هەربۆیە من پێم وایە ئابووریی جیهان لە بەردەم قەیرانێکی گەورەدایە، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤایەتی نەتوانێت بەم نزیکانە هەنگاوی پێویست بۆ دۆزینەوەی دژە ڤایرۆسەکە و چارەسەرکردنی پەتاکە هەڵنەگرێت و ژمارەی قوربانیانی کەم نەکاتەوە، ئەوەتا ئاڵوێری بازرگانیی نێودەوڵەتی و گەشەی پیشەسازی رووی لە پووکانەوە کردووە و بەهای نەوتی خاو دارمانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، داتا و نیشانەی ئابووریی بۆرسە گەورەکانی جیهان، گەورەیی قەیرانەکە و مەترسییەکانی دەردەخەن.

*** بەشێوەیەکی گشتی عێراق سەرەڕای ئەوەی خاوەنی ئابوورییەکی ناسەقامگیر و پڕ لە گرفت و کێشەیە، هاوکات بە ڕێژەیەکی زۆر بەرزیش پشتی بە داهاتی فرۆشتنی نەوتی خاو بەستووە، تاچەند داشکانی بەهای نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەکاندا کاریگەریی لەسەر ئابوورییەکەی دەبێت؟**

- هاوشێوەی هەموو وڵاتانی جیهان تەشەنەکردنی کۆرۆنا و زۆربوونی قوربانییەکان و کاریگەرییە خراپەکانی لە سەر ئاستی ئاڵوێری بازرگانیی نێودەوڵەتی، زیانی گەورەی بە ئابووریی عێراق و کوردستان گەیاندووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو هەواڵانەی کە باس لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دەکات لە ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دراوسێ، هەر خۆی لە خۆیدا تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرزبوونەوەی قوربانییەکانی، زەنگێگی مەترسیدارە و شوێنەواری خراپی لەسەر ئابووریی عێراق و کوردستان دەبێت، چونکە ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە. لەلایەکی دیکەوە کەمبوونەوەی بەهای نەوتی خاو قەیرانێکی دیکەیە، کە دووچاری ئابووریی عێراق دەبێت، ئابوورییەك کە خۆی لەخۆیدا ئابوورییەکی رەیعییەو پشتی بەو داهاتەی فرۆشتنی نەوتی خاوە بەستووە، کە رۆژانە هەناردەی بازاڕە جیهانییەکانی دەکات و یەك لەسەر سێی ئەم نەوتەش دەنێردرێتە بازاڕەکانی وڵاتی چین، داشکانی بەهای نەوت و کەمبوونەوەی هەناردەکانی عێراق، کاریگەریی توندی لەسەر زیادبوونی کەلێنی کورتهێنانی بودجەکەی دەبێت، پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق کە هێشتا بۆ پەرلەمان بەرز نەکراوەتەوە، داهاتەکانی لەسەر بنەمای دیاریکردنی ٥٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەوت دانراوە، راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تەواوی پلان و ئەو بەرنامە دەبێت، کە لەسەر ئەو بنەمایە پڕۆژە یاسای بودجەکە ئامادە کراوە. عێراق خۆی لە خۆیدا بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی و دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت و خراپی پەیکەری ئابوورییەوە لەناو گرفت و کێشەی ئابووریی قووڵدایە، تا ئێستا حکومەتی کاربەڕێکەر نەیویستووە پڕۆژە یاسای بودجەکە رەوانەی پەرلەمان بکات، بۆ پەسەندکردنی، بەهاتنی کۆرۆناش بارودۆخەکە زۆر خراپتر دەبێت.

*** ئابووریی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری پشتی بەو پشك و داهاتە بەستووە کە لەوڵاتی عێراقەوە بە پێی ڕێککەوتنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت، شوێنەوارەکانی کۆرۆنا و دابەزینی بەهای نەوت چ کاریگەرییەکی راستەوخۆی لە سەر ئابووریی کوردستان دەبێت؟**

- بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بە شێوەیەکی خێرا لە وڵاتی ئێران و چەند پارێزگایەکی عێراق و کوردستان، مەترسیی گەورەیە بۆ سەر رەوشی ژیان و بژێوی خەڵکی، کورتهێنانی بودجەی عێراقیش بە هۆی دابەزینی بەهای نەوت و بگرە کەمبوونەوەی فرۆشتنی نەوت، بەشێکی لەو زیانە گەورەیە بەر هەرێمی کوردستان و ئابوورییەکەشی دەکەوێت، ئەمە وێڕای ئەوەی کاریگەریی خراپی کردۆتە سەر جموجووڵی بازرگانیی دەرەکی و شپرزەییەکی گەورەی لەسەر ئابوورییەکەی داناوە، هەرچەندە سنوورەکان تا ئێستا بە رووی کاڵا و شمەك و

**ئابووریی جیهان لە بەردەم قەیرانێکی گەورەدایە، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤایەتی نەتوانێت بەم نزیکانە هەنگاوی پێویست بۆ دۆزینەوەی دژە ڤایرۆسەکە و چارەسەرکردنی پەتاکە هەڵنەگرێت و ژمارەی قوربانیانی کەم نەکاتەوە**

**ئاڵوێری بازرگانیی نێودەوڵەتی و گەشەی پیشەسازی رووی لە پووکانەوە کردووە و بەهای نەوتی خاو دارمانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، داتا و نیشانەی ئابووریی بۆرسە گەورەکانی جیهان، گەورەیی قەیرانەکە و مەترسییەکانی دەردەخەن**

**تەشەنەکردنی کۆرۆنا و زۆربوونی قوربانییەکان و کاریگەرییە خراپەکانی لە سەر ئاستی ئاڵوێری بازرگانیی نێودەوڵەتی، زیانی گەورەی بە ئابووریی عێراق و کوردستان گەیاندووە**

**تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرزبوونەوەی قوربانییەکانی، زەنگێگی مەترسیدارە و شوێنەواری خراپی لە سەر ئابووریی عێراق و کوردستان دەبێت**

**پڕۆژە یاسای بودجەی عێراق کە هێشتا بۆ پەرلەمان بەرز نەکراوەتەوە، داهاتەکانی لەسەر بنەمای دیاریکردنی ٥٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت دانراوە، راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر تەواوی پلان و ئەو بەرنامە دەبێت، کە لەسەر ئەو بنەمایە پڕۆژە یاسای بودجەکە ئامادە کراوە**

**بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بە شێوەیەکی خێرا لە وڵاتی ئێران و چەند پارێزگایەکی عێراق و کوردستان، مەترسیی گەورەیە بۆ سەر رەوشی ژیان و بژێوی خەڵکی، کورتهێنانی بودجەی عێراقیش بە هۆی دابەزینی بەهای نەوت و بگرە کەمبوونەوەی فرۆشتنی نەوت، بەشێکی لەو زیانە گەورەیە بەر هەرێمی کوردستان و ئابوورییەکەشی دەکەوێت**

**پشتگوێخستنی بونیاتنانی ژێرخانی کشتوکاڵ و پیشەسازی هۆکارێکی سەرەکییە لە قووڵبوونەوەی مەترسییەکانی هەر قەیرانێکی ئابووریی چاوەڕوانکراودا**

پێداویستییەکاندا دانەخراون، بەڵام گرانبوونی نرخی ئەو کاڵاو پێداویستییانە و کەمبوونەوەی لە وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران جێگای مەترسییە، هەرچەندە بەشی هەرە زۆری پێداویستییەکانی هەرێم لە وڵاتی تورکیاوە دێت و تا ئێستا ڤایرۆسەکە لەو وڵاتە بڵاو نەبووەتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نیشانە ئابوورییەکانی بازاڕە جیهانییەکان و داشکانی بەهای نەوت و راوەستانی زۆر لە مامەڵەکانی ناوخۆ و، سستی و کزی ئاڵوێری بازرگانیی دەرەکی، هەموو پێکەوە هۆکارن بۆ ئەگەری هاتنی قەیرانێکی گەورە، مەگەر جیهان بتوانێت بەم نزیکانە ئەنتی ڤایرۆسی کۆرۆنا بدۆزێتەوە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی هەنگاوەکانی خۆپارێزی لە بواری ئابووریشدا کار بکات، بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی خراپبوونی بارودۆخی ئابووری؟**

- وادیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو گیان و سەلامەتیی هاووڵاتیانی کوردستاندا لە بواری تەندروستی و داخستنی شوێنە گشتییەکان و قوتابخانە و زانکۆکان و کەمکردنەوەی دەوامی فەرمی و رێگرتن لە هەموو کۆبوونەوەیەك، هەنگاوی زانستی و چڕ و جددیی گرتۆتەبەر، هەرچەندە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەندێك بواردا هێشتا دواکەوتووە، من پێم وایە ئەم بارودۆخە بۆ ماوەیەك دەبێتە هۆی کزی و سستبوونی جموجوڵی بازرگانی و، تا رادەیەکیش پووکانەوەی ئابووری، هەروەکو چۆن ئەم دۆخە دوچاری ئابووریی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و هەموو جیهان دەبێت، چونکە داخستنی هاتوچۆی مرۆیی نێوان زۆر وڵات بەتایبەتی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتی تورکیادا کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی جموجوڵی بازرگانی دەبێت، بۆ رووبەڕووبوونەوەی دۆخەکەش پێویستە دوو رێگا بگیرێتەبەر:

١- لەسەر ئاستی نزیك و بەپەلەدا بە کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و دووبارە چاوخشاندنەوە بەسیاسەتی داهات و خەرجییەکان.

٢- لەسەر ئاستی مامناوەند و درێژخایەنیشدا هەنگاونان بەرەو بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێت، تا رادەیەك خۆبژێوی لە ناوخۆی هەرێمەکەدا لە هەندێك پێداویستیدا دابین بکرێت.

*** تاچەند ئەم واقیعە نوێیەی پەیوەندیی نێوان وڵاتان و کەمبوونەوەی ئاڵوێری بازرگانی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا دۆخێکی وا دەخولقێنێت، کە بە پەلە کار بۆ بەگەڕخستنەوەی کارگە و دامەزراندنی کارگەی نوێی پیشەسازی بکرێت؟**

- پشتگوێخستنی بونیاتنانی ژێرخانی کشتوکاڵ و پیشەسازی هۆکارێکی سەرەکییە لە قووڵبوونەوەی مەترسییەکانی هەر قەیرانێکی ئابووریی چاوەڕوانکراودا، کە ئایا بە هۆی دارمانی بەهای نەوتەوە دوچاری دەبین، یان بە هۆی زیاتر تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، یان بە هۆی هەر هۆکارێکی دیکەی سیاسی و ئابووری و پشێویی جیهانەوە دووچاری بین. ئابووریی ئێران نموونە و ئەزموونێکی نزیك بە ئێمەیە، کە سەرەڕای ئەو هەموو شەڕ و گەمارۆ ئابوورییەی کە ئەمریکا لەسەری سەپاندوویەتی و زۆربەی وڵاتانی دنیا پابەندی جێبەجێکردنین، کەچی توانیویەتی ژێرخانێکی کشتوکاڵی و پیشەسازیی بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵکی دابین بکات. بەردەوامبوونی ئەم دۆخەی ئێستا چاوەڕوانیی باشی لێ ناکرێت و پێشبینیی ئاڵۆزبوونی زیاتری قەیرانەکان دەکرێت، بەتایبەتی لە هەرێمێکدا کە بەکارهێنەر بێت و پاشکۆی ئابووریی وڵاتێکی وەکو عێراقی داڕماو و پڕ لە کێشەی سیاسی و ئابووری بێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆدا لە بواری چاکسازی و رێکخستنەوەی مووچە و خانەنشینی و ئیمتیازاتەکانی دیکە و هەندێك بواردا، هەنگاوی ناوە و، تا ئێستا لە قۆناغی سەرەتادایە و لە چەند بوارێکی نەختینەیی و دارایی زیاتر تێپەڕی نەکردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە لە رێگەی نەهێشتنی زێدەمەسرەفی و خەرجییەکانی کەرتی حکوومییەوە خەرجییەکانی کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە کورتهێنانی بودجە رزگاری بێت، بەڵام هەرێمی کوردستان لەمە زیاتری پێویستە بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووری لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بونیات بنرێتەوە، من لەوە دڵنیام کە ئەگەر نرخی نەوتی خاو لەمەی ئێستا زیاتر بێتە خوارەوە و گرفتی پەتای کۆرۆنا لەوە زیاتر بخایەنێت و ئاڵۆزتر بێت و ناوچە و وڵاتانی زیاتر بگرێتەوە، حکومەتی عێراق بە ناچاری هەنگاو بەرەو دووبارە داڕشتنەوەی پڕۆژە یاسای بودجە دەنێت، ئەمەش لە رێگەی کەمکردنەوەی زیاتری خەرجییەکان، بە رەچاوکردنی دابەزینی بەهای نەوت

و داهاتەکانی بەردەست، هەر هیچ نەبێت، پێویستە بودجەکەی لەسەر بنەمای نرخێکی زۆر کەمتر لەو نرخەی ئێستا، کە ٥٤ دۆلار بۆ هەربەرمیلێك نەوت بخەملێنێت، لەم حاڵەتەدا پشکی هەرێمیش لە بودجەکە کەم دەکات، بەمەش پلان و بەرنامەیەکی نوێی توندتر دەگیرێتەبەر، چ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بێت، یان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پلانە نوێیەکەش هەردوو ئاراستەی سلبی و ئیجابی لەخۆ دەگرێت، لەرووی سلبییەوە کەمکردنەوەی خەرجییەکان و راوەستانی زۆر پرۆژە و کاروچالاکی لەخۆ دەگرێت و، کاریگەری خراپی لەسەر ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵکی دەبێت، لە رووە ئیجابییەکەشییەوە هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار دەبن، هەنگاو بەرە و بووژانەوەی زۆر لەو پیشەسازی و کارگانە بنێن، کە ئێستا کاڵاکان و بەرهەمەکانیان بە رێژەیەکی زۆر بەرز لە هەردوو وڵاتانی ئێران و تورکیاوە دێت، واتا دووبارە هەنگاونان بەرەو بووژانەوەی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، تاوەکو ئابووریی عێراق و کوردستان لەم بارودۆخەدا لە دارمانی تەواوەتی بپارێزرێت.


*** لەزۆربەی دیدار و بابەتەکانی تۆوەدا کە لە گۆڤاری گوڵان بڵاودەبێتەوە، بە باسی رۆڵی نەرێنیی کەرتی تایبەت دەکەیت، ئایا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخە و بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلان و بەرنامە نوێیانە، تاچەند دەتواندرێت پشت بە کەرتی تایبەت ببەسترێت؟**

- هەر لە بنەڕەتەوە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای ئاسایی و سرووشتیی خۆی دروست نەبووە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە کەرتی تایبەت کاتێك گەشەی کرد، لەلایەن کەسانێکی نامۆ و دوور و نەناسراو لە بواری بازرگانی و پیشەسازی و بزنێسەوە، واتا بزنێسکارێکی هەقیقی و راستگۆ نەبوون و کەڵەکەبوونی داهات و سامانەکانیان جێگای گومان بوو، چونکە لە رێگەی نادیار و زۆر بە خێرایی زیادی کرد، راستە ئەم سەرمایەدار و بزنێسکارە نوێیانە توانییان کۆمپانیای گەورە لە هەرێمی کوردستان بونیات بنێن، بەڵام بێ توانایی و ناکارامەیی لە کاری بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان و پیشەسازی و کشتوکاڵدا، وای کردووە، کەی بیانەوێت لەکاتی قەیرانەکاندا لە بازاڕەکان دەکشێنەوە و لەکاتی خۆشگوزەرانی و گەشەدا دێنەوە بۆ چنینەوەی داهاتەکان و، ئارەزوویان لێ بێت گەمە بە بارودۆخەکە و بەرژەوەندیی گشتی دەکەن، هەربۆیە گرفت و کێشەی زۆر لەم کەرتەدا دەبیندرێت، کە لەسەر بنەمای دامەزراوەیی بونیات نەنراون و بە هۆی تێکەڵبوونی بە سیاسەتەوە رەچاوی زۆر لە یاسا و رێنماییەکانیش ناکەن، من نامەوێت زۆر زوڵم لە کەرتی تایبەت بکەم، راستە زۆر لە بزنێسکاران و گەورە وەبەرهێنەکان تا رادەیەك سەرکەوتوو بوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کار و چالاکی و پرۆژەکانیان و کەمێك بارگرانییان لەسەر حکومەت و خەڵك کەم کردووەتەوە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەم کەرتە گرنگ و فراوانە بنەما و کۆڵەکەی بەهێزبوونی تێدا ونە، لەوانە نەبوونی کەرتێکی بانکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو، کە خاوەنی سیستەمێکی راستەقینەی بانك بێت و پاڵپشتیی بووژانەوەی کەرتی تایبەت بکات، ئەمەش لە رێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکانییەوە دەبێت، بۆ ئەوەی کەرتی تایبەت بتوانێت لە کێبڕکێ لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان هاوسەنگیی خۆی رابگرێت، چونکە لە ئێستادا ئازادییەکی رەها و ناتەندروست دراوە بە زۆر لە کۆمپانیا بیانییەکان و کۆمپانیا ناوخۆییەکان کە توانای کێبڕکێی گەورە کۆمپانیەکانیان نییە، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە نەك تەنیا لەم بارودۆخە نوێیە، بەڵکو لە دۆخێکی ئاساییشدا هاوکار و پاڵپشتیی کەرتی تایبەت بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر پێی خۆی راوەستێت و توانای کێبڕکێی بەرهەمی بیانیی وڵاتانی جیهان و دراوسێی هەبێت و بە سەر هەموو گیروگرفت و کێشەکاندا زاڵ بێت. ئەمڕۆ کۆرۆنا باڵی خراپی خستۆتە سەر هەموو بازاڕە جیهانییەکان و بۆرسە و کۆمپانیا و دامەزراوەکان، بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات، وەزارەت و دامەزراوەکانی و کەرتی تایبەت دڵسۆزانە هەڵسوکەوت بکەن و بودجەیەکی فریاگوزاریی بەپەلە تەرخان بکرێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسەکە و شوێنەوارەکانی، تا ئەو کاتەی هەندێك لە نیشانەکانی دەربازبوون لە کۆرۆنا و قەیرانە دارایی و نەوتی و ئابوورییەکانی جیهان دەردەکەوێت و، کێرڤی نیشانە ئابوورییەکان جارێکی دیکە روو لە هەڵکشان دەکاتەوە، حکومەتیش کار و چالاکی و پرۆژەکانی دەچێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە لە رێگەی نەهێشتنی زێدەمەسرەفی و خەرجییەکانی کەرتی حکوومییەوە خەرجییەکانی کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە کورتهێنانی بودجە رزگاری بێت**

**ئەگەر نرخی نەوتی خاو لەمەی ئێستا زیاتر بێتە خوارەوە و گرفتی پەتای کۆرۆنا لەوە زیاتر بخایەنێت و ئاڵۆزتر بێت و ناوچە و وڵاتانی زیاتر بگرێتەوە، حکومەتی عێراق بە ناچاری هەنگاو بەرەو دووبارە دارشتنەوەی پرۆژە یاسای بودجە دەنێت**

**راستە ئەم سەرمایەدار و بزنێسکارە نوێیانە توانییان کۆمپانیای گەورە لە هەرێمی کوردستان بونیات بنێن، بەڵام بێ توانایی و ناکارامەیی لە کاری بەڵێندەرایەتی و وەبەرهێنان و پیشەسازی و کشتوکاڵدا، وای کردووە، کەی بیانەوێت لەکاتی قەیرانەکاندا لە بازاڕەکان دەکشێنەوە و لەکاتی خۆشگوزەرانی و گەشەدا دێنەوە بۆ چنینەوەی داهاتەکان**



**خالیده خەلیل**

ئەندام پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# بێ بەشداریی راستەقینەی هەر سێ پێکهاتەکە، هیچ حکومەتێک سەرکەوتوو نابێت و ئایندەی نادیار دەبێت

**دوای دەستلەکارکێشانەوەی د.عـادل عەبدولمەهـدی، هەوڵـەکان بـۆ پێکهێنانـی حکومەتێکـی نـوێ خرانەگەڕ، بەڵام وەك ئاشکرایە چارەنووسی ئەم هەوڵانە تائێستا شکست بووە، هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم پەرەسەندنانە و کێشە و ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم حوکمڕانی لە عێراقدا و پرسی دەستەبەرکردن و پارێزگاریکردن لە پێگەی هەرێمی کوردستان، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ خالیدە خەلیل ئەندام پەرلەمانی عێراق.**

*** سـەرۆك مسعود بارزانـی پێـش دەنگدانـی پەرلەمـان سـەبارەت بـە میکانیزمـی پێکهێنانـی کابینەکـەی محەمـەد عەلـلاوی، رایگەیانـد کـە ئەگـەر بەبـێ کـورد توانـی کابینـە پێـك بهێنێـت، پیـرۆزی بێـت، گریمـان دەنگـدان بـە کابینەکـەی عەللاویـش وەك بڕیارەکـەی پێشـتری پەرلەمـان بـۆ دەرکردنـی هێزەکانـی هاوپەیمـان بـە بـێ کـورد و سـوننە تێپـەڕی، ئایـا ڕێگاچـارەی کـورد لـە دوای ئەمـە چـی دەبێـت؟**

- لـە عێـراق بـە هیـچ شـێوەیەك حکومەتێـك سـەرکەوتوو نابێـت، ئەگـەر ڕەچـاوی بەشـداریکردنی پێکهاتـە و کەمینـەکان نـەکات، بەتایبەتـی هەرسـێ پێکهاتـەی سـەرەکی (کـورد و سـوننە و شـیعە)، لـە سـاڵی ٢٠٠٣وە ئـەم وڵاتـە لـە سـەر بنەمـای تەوافـوق و بەشـداریکردنی هەرسـێ پێکهاتەکـە حکومـەت دامـەزراوە، بەپێچەوانـەوە پەنابردنـە بـەر دەنگـی زۆرینـە و پەراوێزخسـتنی پێکهاتەیـەك، گرفـت و کێشـەکانی ئـەم وڵاتـە قووڵتـر دەکاتـەوە، ئـەم سیستمەی پێکهێنانـی حکومـەت، نـەك تەنیا لـە عێـراق، بەڵکـو لـە زۆر وڵاتانـی ئەورووپاشـدا پەیـڕەو دەکرێـت، تەنانـەت پێشـکەوتنی هـزری دیموکراتیـی سیاسـی لـە جیهانـدا، هـەر بـەو شـێوازی تەوافوقـە ئاراسـتە دەکرێـت، چونکـە سیسـتمی تەوافوقـی لـە نێـوان پێکهاتەکانـدا زۆر جیـاوازە لـە سیسـتمی موحاسـەسـەکردن، یـان پشـك پشـکێنە، پێکهێنانـی حکومەتـی عێراقیـش هـەر دەبێـت لەسـەر بنەمـای تەوافـوق و بەشـداریپێکردن و هاوبەشـیی راسـتەقینەی پێکهاتـەکان بونیـات بنرێـت، کـە بـڕوای بـە ناسـنامە و مافـی هەمـوو پێکهاتـە و کەمینـەکان هەبێـت و، لـە نێـوان ئاییـن و ئایینـزاو مەزهـەب و نەتـەوە جیـاوازی نـەکات، ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە تـا زۆرینـە کۆنتڕۆڵـی تـەواوی بارودۆخەکـە نـەکات و پێکهاتەکانـی دیکـە پەراوێـز نەخـات، وابزانـم عێراقیـش هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـە دامـەزراوە و پاڵپشـتە بـەو نیزامـە دیموکراتییـە تەوافوقییـە، کـە پارێـزگاری لـە مافـە دەسـتووری و یاساییەکانی پێکهاتەکانی دیکە بکات، ئێمـەی کوردیـش لـە پێنـاو مانەوەمـان لـە نـاو ئـەم وڵاتـەدا، پێویستمان بەوە هەیە کە حکومەتی نوێی عێـراق لەسـەر بنەمـای ددانپێدانـان بـە پێکهاتـە و کەمینـە و سـەرجەم مافـە دەسـتووری و یاساییەکاندا دروسـت ببێـت، بـە پێچەوانـەوە ئەگـەر بێـت و حکومەتـی عێـراق بـە دەنگـی زۆرینـە تێپەڕێندرێـت و هەمـوو پێکهاتەکانـی دیکـە پەراوێـز بخرێـن، ئـەوا دەسـتێوەردانی دەرەکـی و ئیقلیمـی بـۆ سـەر کاروبـاری نێوخـۆی عێـراق زیاتـر و قووڵتـر دەبێتـەوە. بۆیـە دووبـارەی دەکەمـەوە، بـە بـێ بەشـداریی راسـتەقینە و جددی لـە بڕیـار و پڕۆسـەی سیاسـی و ئابووریـی هـەر سـێ پێکهاتەکـەی عێـراق (کـورد و سـوننە و شـیعە) هیـچ حکومەتێـك سـەرکەوتوو نابێـت و ئاینـدەی نادیـار دەبێـت.

*** تاچەنـد ڕەتکردنـەوەی محەمـەد عەلـلاوی شکسـت بـوو بـۆ تەیـاری سـەدر و شەخسـی موقتـەدا سـەدر، ئایـا بۆچـی محەمـەد عەلـلاوی وەك کاندیـدی سـەربەخۆ خـۆی نمایـش کـردو، پاشـان موقتـەدا سـەدر کـردی بـە هـی خـۆی؟ مەبەسـتمان لـە چاوپێکەوتنەکـەی سـەدرە لەگـەڵ قەناتـی ئەلشـەرقییە؟**

- سـەرەتا هەرخـۆی لەخۆیـدا محەمـەد عەلـلاوی کەسـێکی بێلایـەن نەبـوو؛ ئـەو لـە پێکهاتـەی شـیعە و بـە تەوافوقـی شـیعە دانرابـوو، لـە ژێـر عەبـای لایەنـە شیعەکانیشـدا پاڵپشـتی دەکـرا و بۆچوونەکانـی بـەلای ئەوانـدا بـای دەدایـەوە، ئـەو کەسـانەی دەستنیشـانی کردبـوون بـۆ کابینـە وەزارییەکـەی، ویسـتی ئـەو لایەنـە شـیعەیانەی تێدابـوو، کـە پاڵپشـتییان دەکـرد،

**له ساڵی ٢٠٠٣وه ئهم وڵاته له سهر بنهمای تهوافوق و بهشداریکردنی ههرسێ پێکهاتهكه حكومهت دامهزراوه، به پێچهوانهوه پهنابردنه بهر دهنگی زۆرینه و پهراوێزخستنی پێكهاتهیهک، گرفت و كێشهكانی ئهم وڵاته قووڵتر دهكاتهوه**

**سیستمی تەوافوقی لە نێوان پێکهاتەکاندا زۆر جیاوازە لە سیستمی موحاسەسەکردن، یان پشک پشکێنە، پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش هەر دەبێت لەسەر بنەمای تەوافوق و بەشداریپێکردن و هاوبەشیی راستەقینەی پێکهاتەکان بونیات بنرێت**

**ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق بە دەنگی زۆرینە تێپەڕێندرێت و هەموو پێکهاتەکانی دیکە پەراوێز بخرێن، ئەوا دەستێوەردانی دەرەکی و ئیقلیمی بۆ سەر کاروباری نێوخۆی عێراق زیاتر و قووڵتر دەبێتەوە**

**ئەگەر عەللاوی وەکو سەرۆک وەزیران کە لە پشکی شیعەیە دانەنرایە و گریمان کوردێک، یان سوننەیەکی سەربەخۆ بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران دابنرایە، لەو کاتەدا دەکرا حکومەتێکی سەربەخۆ هەڵبژێردرێت**

**لە دوای ۲۰۰۳وە جۆرە شەراکەتێک لە ناو پرۆسەی سیاسیی حوکمڕانیدا لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و سوننە و شیعەشەوە هەبووە، ئەمەش لە پێناو کۆتاییهاتنی پشێوی و نائارامی و سەقامگیری لە وڵاتێکدا کە مێژوویەکی دوور و درێژ و قووڵی لەم مەسەلەیە هەیە**

تەنانەت لێدوانەکانی ئەم دواییەی موقتەدا سەدر کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی شیعە لە عێراقدا هەبوو، ئەمە لە کاتێکدا شەخسی موقتەدا سەدر سەرەتا رای لەسەر عەللاوی نەبوو، بگرە میکانیزمی تەوافوقی بەکار نەدەهێنا و هەندێك ناو و کەسی بۆ سەرۆك وەزیران دستنیشان کردبوو، بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ پێکهاتەکانی کورد و سوننە بکات، ئیتر بۆ دەبێت هەڵبژاردنی وەزیرەکان بۆ ئێمەی کورد و سوننە قەدەغە بێت، خۆ ئەگەر عەللاوی وەکو سەرۆك وەزیران کە لە پشکی شیعەیە دانەنرایە و گریمان کوردێك، یان سوننەیەکی سەربەخۆ بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران دابنرایە، لەو کاتەدا دەکرا حکومەتێکی سەربەخۆ هەڵبژێردرێت، دەکرا کورد، یان تورکمان و سوننەش چەند ناوێکیان بۆ سەرۆك وەزیران بەرزکردایەتەوە و عەللاویان سەرپشك بکردایە بۆ هەڵبژاردنیان، بۆ نموونە، دەکرا پارتی دیموکراتی کوردستان چەند ناوێکی بۆ عەللاوی بەرز بکردایەتەوە، تا یەکێك لەو ناوانەی پەسەند بکردایە. بە شێوەیەکی گشتی هەر سەرۆك وەزیرانێکی نوێ بێت، دەبێت بەو شێوازە کار بکات، کە حیساب بۆ هەموو پێکهاتەکان بکات.

*** ئێستا لە دوای رەتکردنەوەی محەمەد عەللاوی و کابینەکەی، دوو چەمك پەیدا بوون، یەکەمیان موحاسەسە (پشکپشکێنە) کە هەموولایەك رەتی دەکاتەوە، بە فراکسیۆنە کوردستانییەکانیشەوە، چەمکەکەی دیکە شەراکەتە کە کورد و سوننە و بەشێکیش لە شیعە داکۆکی لێ دەکەن، ئایا جیاوازی لە نێوان موحاسەسە و شەراکەتدا چییە؟**

- جیاوازییەکی زۆر گەورە لە نێوان موحاسەسە و شەراکەت (پشکپشکێنە)دا هەیە، من چەندین جار لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئەمەم روون کردۆتەوە، حکومەتی تەوافوقی و دیموکراتیی تەوافوقی لە دوای شەڕ و گرفت و کێشەی سیاسیی گەورە و زۆر هاتووەتە ئاراوە، بەتایبەتی دوای ئەوە هاتووە کە لە ساڵانی پێشوودا حکومەتە دیکتاتۆرییەکان و حوکمڕانیی تاکە حزبی، لەسەر حیسابی پێکهاتەکانی دیکە بەتایبەتی پێکهاتەی کورد باڵادەست بوون و فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتەیان کردووە، بەڵام لە دوای ۲۰۰۳وە جۆرە شەراکەتێك لە ناو پرۆسەی سیاسیی حوکمڕانیدا لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کورد و سوننە و شیعەشەوە هەبووە، ئەمەش لە پێناو کۆتاییهاتنی پشێوی و نائارامی و سەقامگیری لە وڵاتێکدا کە مێژوویەکی دوور و درێژ و قووڵی لەم مەسەلەیە هەیە، هەر بۆیە حکومەتی تەوافوقی دانرا، تاوەکو پارچەپارچەبوون و ناسەقامگیری لەناو وڵاتدا نەمێنێت و هەمووان بە جۆرێك لە جۆرەکان لە حوکمڕانیدا هاوبەش بن، سەبارەت بە موحاسەسەش پەیوەندی بەو خاڵانەوە هەیە کە حزبێك، یان پارتێکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکاندا دەستی دەکەوێت و لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی کورسییەکانی ناو پەرلەمان خاڵەکانی فڵانە حزب دادەنرێت، بۆ نموونە حزبێك بە هۆی زۆریی خاڵەکانییەوە سەرۆك کۆمار، یان سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و ژمارەی ئەو وەزیرانەی دەست دەکەوێت، کە بۆ پێکهاتەیەك دانراوە، ئێمە وەکو کورد ئەوەندە بە لامانەوە گرنگ نەبوو کە حزبی فڵان سەرەڕای کەمیی خاڵەکانی لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیدا چ پۆست و وەزیرێکی دەدرێتێ و هیچ کات بەو شێوازە کارمان نەکردووە، ئەوەی بەلای ئێمەی کورد و کوردستانییەکانەوە گرنگ بووە، مافی رەوای گەلی کوردستان و هەرێمەکە بووە، نەك پۆست و دەسەڵات، چونکە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە و حکومەتی عێراق نیزامێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتییە. ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە، داکۆکیکردن و پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستانە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دوچاری زوڵم و ماڵوێرانی و دەربەدەری و ئەنفال و کیمیاباران نەبینەوە و کۆمەڵکوژ نەکرێین، زامنکردنی مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستان لە رێگەی موحاسەسە و خاڵبەندییەوە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای بەشداری و هاوبەشیی بەهێز و چالاکیی کورد دێت لە حوکمڕانی عێراقدا.

*** محەمەد عەللاوی بانگەشەی بۆ کابینەیەکی سەربەخۆ دەکرد، واتە وەزیرەکان سەر بە هیچ حزبێکی سیاسی نەبن، ئایا هەرێمی کوردستان پێداگری لە سەر کاندیدی حزبی دەکرد، یان پرسەکە ئەوە بوو ئامادە نەبوو لە دیاریکردنی کاندیدەکان قسە لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتی کوردستان بکات؟**

- مەسەلەکە ئەوە نەبوو هەرێمی کوردستان پێداگری لە سەر کاندیدی حزبی دەکات، وا پێویستی دەکرد محەمەد عەللاوی گفتوگۆی

لەگەڵ پێکهاتەکان و نوێنەرانی پێکهاتەکان بکردایە، لە پێناو دەستنیشانکردنی ئەو کەسایەتییانەی کە نوێنەرایەتیی گەلی کوردستان دەکەن، بۆ نموونە لە هەرێمی کورستان پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی دەنگ و جەماوەرێکی زۆر و فراوانە، لە رێگەی ئەم جەماوەرەوە توانیوێتی نوێنەرایەتییەکی فراوانی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە لە پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و حکومەت بکات، چۆن دەبێت محەمەد عەللاوی کە خۆی لە لایەن پێکهاتەی شیعەوە دەستنیشان کراوە و هەندێك لایەنی سیاسی پاڵپشتی لێ دەکەن، راوبۆچوونی خۆی بەسەر گەلی کورد و نوێنەرایەتییەکانیاندا بسەپێنێت، گفتوگۆ و دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لە سەر ئەم بنەمایە دەبێت، نەك بەو شێوەیەی محەمەد عەللاوی کە کار بۆ سڕینەوە و پەراوێزخستنی رۆڵی کورد لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا بکات.

*** ئایا سەرۆك كۆمار لە ماوەی ١٥ رۆژدا دەتوانێت كاندیدێكی دیكە دیاری بكات، یان رایەك هەیە كە تەمەنی كابینەكەی عەبدولمەهدی درێژ بكرێتەوە تا كاتی هەڵبژاردنی پێشوەختە، ئایا پێشبینیی كام سیناریۆیە دەكەیت، واتە كاندیدێكی دیكە، یان درێژكردنەوەی كابینەكەی عەبدولمەهدی؟ ئایا فراكسیۆنە كوردستانییەكان پشتگیریی كام سیناریۆیە دەكەن و ئەگەر كاندیدێكی تازە هەڵبژێردرا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەكەن؟**

- جارێ بەپێی ماددەی ٧٦ی دەستوور دەبێت لە ماوەی ١٥ رۆژدا کاندیدێکی نوێ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دیاری بکرێت، ئومێدمان زۆرە ئەمجارە راوبۆچوونی کورد بە هەند وەربگیرێت و سەرۆك وەزیرانێك بێت، حکومەتێك بە تەوافوق دابمەزرێنێت، تەنانەت راوبۆچوونی سوننە و هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعە کە لەپەرلەمان نوێنەرایەتیان هەیە، وەربگیرێت، بگرە را و بۆچوونی پێکهاتە و کەمینەکانی دیکەش وەربگیرێت، ئێمە لەم مەسەلەیە داوای حکومەتێکی تەوافوقی دەکەین، چونکە لەوە دەترسێین کورد لە پڕۆسەی سیاسیی عێراقدا بگاتە بنبەستی سیاسی و دواجار نەتوانرێت پارێزگاری لە حوکمڕانیی دیموکراتی لە عێراقدا بکەین، بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی ئەو دەنگانەی کە داوای زۆرینە و مەرکەزییەت دەکەن و، هیچ حیسابێك بۆ پێکهاتەکان بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان ناکەن، تەوافوق و هاوبەشی و تەوازن تەنیا چەمکێك نییە لە ناو داواکارییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بەڵکو رێگایەکە بۆ پاراستنی عێراق و مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کورد و کوردستانییەکان. سەبارەت بە هەڵبژاردن، یان راسپاردنی کەسایەتییەکی دیکە لە ماوەی ١٥ رۆژی داهاتوودا بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەگەر ئەویش بە هەمان شێوەی محەمەد تۆفێق عەللاوی دەنگی پەرلەمانتارانی بەدەست نەهێنا، ئەو کات دەتواندرێت کەسێکی دیکە راسپێردرێت و بەو شێوەیە هەموو جارێك کەسێکی دیکە راسپێردرێت تاوەکو دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتاران بەدەست دەهێنێت، خۆ ئەگەر هەر لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوو نەبین، ئێمە ئەزموونێکی دیکەمان هەیە لە زەمەنی مالیکیدا کاتێك حکومەتەکەی بۆ ماوەی حەوت مانگ تەمەنی درێژ کرایەوە، دەکرێت حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی تەمەنی درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی خۆمان دوچاری ئەو هەموو کێشە سیاسی و رووبەڕووبوونەوانە نەکەینەوە، کە بە هۆکاری دوورکەوتنەوە لە تەوافوق دوچاری بووین. هەروەها دەکرێت لە ناو پەرلەماندا میکانیزمێکی یاسایی بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم حکومەتەی ئێستا کە حکومەتێکی کاربەڕێکەرە، بکرێتەوە بە حکومەتێك کە بتوانێت هەموو کاروبارەکانی هاووڵاتیان و پرۆژەکان رایی بکات، ئەوەتا پێمان ناوەتە مانگی سێ، کەچی تا ئێستا پڕۆژە یاسای بودجە بۆ پەرلەمان نەنێردراوە و پەسەند نەکراوە، ئەم حکومەتەی ئێستای عادل عەبدولمەهدی حکومەتێکە خاوەنی چەندین وەزیری بەتوانا و چالاکە، بەتایبەتی وەزیرە کوردەکان، کە هیچ تێبینی و قسەیەکیان لەسەر نییە، ئەی بۆچی لەسەر بەرنامە و کاری خۆیان بەردەوام نەبن؟ خۆ ئەگەر دواجار گرفتە سیاسییەکان چارەسەرکران و نوێنەرانی گەل و پێکهاتەکان بە تەوافوق کەسایەتییەکی نوێیان راسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت و، لەپەرلەمان دەنگی لەسەر درا، ئێمە وەکو فراکسیۆنە کوردستانییەکان و وەکو کورد تەمەننا دەکەین بە هاوشێوەی محەمەد عەللاوی لەگەڵ پێکهاتەکانی کورد و سوننە و بەشێك لە پێکهاتەی شیعەش هەڵسوکەوت نەکات.

**ئەوەی بە لای ئێمەوە گرنگە، داكۆكیكردن و پاراستنی مافەكانی گەلی كوردستانە، بۆ ئەوەی جارێكی دیكە دوچاری زوڵم و ماڵوێرانی و دەربەدەری و ئەنفال و كیمیاباران نەبینەوە و كۆمەڵكوژ نەكرێین**

**تەوافوق و هاوبەشی و تەوازن تەنیا چەمكێك نییە لە ناو داواكارییەكانی پارتی دیموكراتی كوردستاندا، بەڵكو رێگایەكە بۆ پاراستنی عێراق و مافە دەستووری و یاساییەكانی گەلی كورد و كوردستانییەكان**

**دەكرێت حكومەتەكەی عادل عەبدولمەهدی تەمەنی درێژ بكرێتەوە بۆ ئەوەی خۆمان دوچاری ئەو هەموو كێشە سیاسی و رووبەڕووبوونەوانە نەكەینەوە، كە بە هۆكاری دووركەوتنەوە لە تەوافوق دوچاری بووین**

رۆجەر پیتەرسۆن

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی لە ئامۆژگای تەقەنی ماساشۆسێتس بۆ گوڵان:

# پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی عێراق دەوڵەتێکی لاوازی هەیە؟

رۆجەر پیتەرسۆن پڕۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە ئامۆژگای تەقەنیی ماساشۆسێتس، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك شەڕی ناوخۆیی، ناکۆکی و توندوتیژی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای عێراق و بوونی بە گۆڕەپانی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران و پرسی کەمبوونەوەی بایەخی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

# دیمانەی تایبەت




*** سەرەڕای ئەو کێشانەی لە ئێستادا رووبەڕووی عێراق بوونەتەوە وەك نەبوونی حکومەتێکی کارا و شکستهێنانی لە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و هەلی کار بۆ هاوڵاتییەکانی، ئەوا کێشەی گەورەتری دیکە کە ئەم وڵاتە بە دەستیەوە گرفتارە، بریتییە لە دەستێوەردانی دەرەکی و ململانێی هێزە دەرەکییەکان، وەك ئێران و ئەمریکا لەسەر حیسابی ئەم وڵاتە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە راستیدا ململانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران کێشەی بۆ عێراق خوڵقاندووە، کە عێراق بۆتە گۆڕەپانی رکابەریی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەم دوو هێزەش گەمەکانی خۆیان لە دژی یەکتری لەسەر خاکی ئەم وڵاتە یەکلا دەکەنەوە، تاوەکو عێراق نەبێتە خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێز و یەکگرتوو، ئەم دۆخە هەر بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت، واتە بوونی دابەشبوون لە نێو عێراقدا بووەتە هۆی ئەوەی لایەنەکان لە دژی یەکتری هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەمریکا و ئێران بدەن، کەواتە کێشەکە ئەوەیە عێراق دەوڵەتێکی لاواز و ناجێگیری هەیە. هەروەها من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئێران و ئەمریکا نایانەوێت ململانێکانیان لە دژی یەکتری بەرە و هەڵکشانی زیاتر ببەن، بۆ نموونە ئێران نایەوێت کەشتییەکان لە نێو کەنداوی فارسیدا تێکبشکێنێت و ئەمریکاش خوازیاری ئەوە نییە، هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەوان گەمەی خۆیان بە تێچوونێکی کەمتر لەسەر خاکی عێراق ئەنجام دەدەن. ئەم دۆخەش جێی داخە، بەڵام لە هەمان کاتدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە خودی عێراقییەکان خۆیان بەشێکی بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی پەرەیان بە وڵاتی خۆیان نەداوە.

**عێراق بۆتە گۆڕەپانی رکابەریی نێوان ئەمریکا و ئێران، ئەم دوو هێزەش گەمەکانی خۆیان لە دژی یەکتری لەسەر خاکی ئەم وڵاتە یەکلا دەکەنەوە**

*** کەواتە ئێوە چۆن لە پەیوەندییە دوورمەوداکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق دەڕوانن؟**

**ئێران نایەوێت کەشتییەکان لە نێو کەنداوی فارسیدا تێکبشکێنێت و ئەمریکاش خوازیاری ئەوە نییە، هێرش بکاتە سەر ئێران، ئەوان گەمەی خۆیان بە تێچوونێکی کەمتر لەسەر خاکی عێراق ئەنجام دەدەن**

**هۆکارە ئەمنییەکان دەبنەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق و ئیدارەی ئەمریکاش خوازیاری ئەوە بن کە درێژە بە پەیوەندییەکانیان بدەن**

**کەس نەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە داعش یەک لەسەر سێی خاکی عێراق داگیر دەکات**

**زۆر کەس لە ئەمریکا پێیان وایە کە دەبێت هێندەی دەکرێت ئەمریکا لەم ناوچەیە بکشێتەوە، ئەمەش بیرۆکەیەکی نوێ نییە**

- لە راستیدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سێ بۆ پێنج هەزار سەربازی خۆی لە عێراقدا جێگیر دەکات بۆ هاوکاریکردن لە مەشقپێکردنی هێزەکانی عێراق و کارکردن بۆ بەرپێگرتن بە دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش. من پێم وایە هۆکارە ئەمنییەکان دەبنەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق و ئیدارەی ئەمریکاش خوازیاری ئەوە بن کە درێژە بە پەیوەندییەکانیان بدەن، واتە ئەمریکا خاوەنی چەك و توانای مەشقپێکردن و هەواڵگریی ئەوتۆیە، کە عێراق پێویستی بە بەکارهێنانیان هەیە، بەتایبەتی ئەگەر رێکخراوێکی دیکەی هاوشێوەی داعش دروست ببێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەمریکاش خوازیاری ئەوەیە لە عێراقدا بمێنێتەوە، لە بەشێکیدا بۆ رێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی داعش و لە بەشێکی دیکەشدا بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی ئێران. هەرچەندە هەردوو لا نایانەوێت ئەو هاوکارییانەی ئەمریکا زۆر بەرچاو بن، بەڵام پێم وانییە بەم نزیکانە ئەو پەیوەندییە ئەمنییانەی نێوانیان کۆتایی پێ بێت. واتە ئەگەر پەیوەندییە ئەمنییەکە کەمتر بەرچاو بێت و لە ئاست و چوارچێوەیەکی سنووردارتردا بێت، ئەوا لەو باوەڕەدا نیم کە بیانەوێت کۆتایی پێ بهێنن، بەتایبەتی کە لە ئێستادا توانای هێزە عێراقییەکان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت لە ئاست ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا بن.

*** بەڵام ئێوە لە ئێستادا کار لەسەر پرۆژەیەك، یان توێژینەوەیەك دەکەن کە پەیوەستە بە عێراقەوە، دەکرێت لەم بارەیەوە هەندێ بیرۆکەتان بخەنەڕوو؟**

- بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکەی ئێمە پەیوەستە بە خوێندنەوەی بارودۆخی شەڕ، بە پشتبەستن بە چەندین بیرۆکەی پەیوەست بە شەڕەوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، ئەوا پێم وایە کێشە سەرەکییەکە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، ئەوەیە کە عێراق نەیتوانیوە دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکات، ئیدی بە هۆی شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە بێت لەگەڵ گرووپەکانی دیکەدا کە لەسەر خاکی عێراق ئەم شەڕە کراوە، یان بە هۆی دەستڕۆیشتوویی و دەستێوەردانی ئێرانەوە بێت. کەواتە من هەوڵ دەدەم ئەو تیۆرانەی لە زانستی سیاسی لە ئەمریکا پەرەیان پێ دراوە، بەکار بهێنم، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی عێراق دەوڵەتێکی لاوازی هەیە و بۆچی میلیشیا لەم وڵاتەدا هەیە و بۆچی شارەزایانی بواری زانستی کۆمەڵایەتی و زانستی سیاسی نەیانتوانی پێشبینیی ئەم دەرەئەنجام و بارودۆخە بکەن. بۆ نموونە کەس نەیتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە داعش یەك لەسەر سێی خاکی عێراق داگیر دەکات، هەروەها دەمانەوێت بە دوای ئەو پرسیارەدا بچین، کە بۆچی ئەمریکا بە ملیاران دۆلاری بۆ بنیاتنانەوە و مەشقپێکردنی سوپای عێراق تەرخان کرد، بەڵام لە بەردەم داعشدا لەبەریەك هەڵوەشا و، بۆچی سیاسەتی ئەمریکا لەم رووەوە دوچاری شکست بووە؟

*** ئایا بە شێوەیەکی گشتی پێت وانییە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی کەمتری بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیێت، بەتایبەتی کە هەمیشە سەرۆك ترەمپ رەخنە لە هەوڵەکانی ئیدارەکانی پێش خۆی دەگرێت، کە هەموو هەوڵ و خەرجییەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بەفیڕۆ چووە، ئێوە لەم بارەیەوە راتان چییە؟**

- ئەمە راستە، زۆر کەس لە ئەمریکا پێیان وایە کە دەبێت هێندەی دەکرێت ئەمریکا لەم ناوچەیە بکشێتەوە، ئەمەش بیرۆکەیەکی نوێ نییە، لە راستیدا ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباماش بیرۆکەی ئەوەی هەبوو، کە دەبێت بایەخی زیاتر بە ئاسیا بدرێت، چونکە پێی وابوو کە دەبێت ئەمریکا لە پێناو بەرژەوەندییەکانیدا رووبکاتە ئەو ناوچەیە، بەتایبەتی کە چین هێزێکە و لە هەڵکشاندایە، بە هەمان شێوە پێشتریش ترەمپ باسی لە پاشەکشە، یان کەمکردنەوەی پابەندبوونەکانی ئەمریکا بەم ناوچەیەوە دەکرد، بەڵام ئەوەتا ئێستا هەڵمەتەکانی لە دژی ئێران چڕکردۆتەوە و لە سیاسەتی ناوخۆیی ئیسرائیل تێوەگلاوە، کەواتە سەرباری هەموو ئەو بانگەشەیانەی بۆ دوورکەوتنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێن، هێشتا پرسی نەوت لەم ناوچەیەدا گرنگە و هێشتا پرسی ئیسرائیلیش بۆ ئەمریکا بایەخی خۆی ماوە، بۆیە بۆ ئەمریکا زەحمەتە لەم ناوچەیە بکشێتەوە. من



ئاماژەم بەوە کرد کە ئیدارەی ئۆباما دەویست بایەخدانەکانی بەم ناوچەیە کەمتر بکاتەوە، بەڵام ئۆباما خوازیاری ئەوە بوو کە هاوسەنگییەکی ناوچەیی لە نێوان سعودیە و ئێراندا بێتەدی، بەڵام بەهۆی هەڵەکانی سعودیەوە کە ناکرێت وەك هێزێکی متمانەپێکراو لێی بڕواندرێت، هەروەها بەهۆی چڕکردنەوەی فشار و سزاکانەوە لە سەر ئێران، ناتواندرێت لە ئێستادا ئەو هاوسەنگییە لە نێوان ئەم دوو هێزەدا دروست بکرێت. کەواتە بە هۆی دروستنەبوونی ئەم هاوسەنگییە و لەبەر ئەوەی سعودیە و ئێران لە یەمەن و شوێنەکانی دیکە ململانێ لەگەڵ یەکدا دەکەن، ئەوا ئەو ڕێگاچارەیە سەرکەوتوو نابێت، کە کاتی خۆی ئیدارەی سەرۆك ئۆباما پێشنیاری کردبوو، کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە لە ئێستادا ئەمریکا ناتوانێت لەم ناوچەیە بکشێتەوە.

*** ئایا ئەمریکا دەتوانێت چی بکات و پێویستە چی بکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا دابڕێژێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی باشە، من پێم وایە ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا باشترە هاوکارییە ئەمنییەکانی بۆ ئەم وڵاتە بە چەشنێك بن کە کەمتر بەرچاو بن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کێشەکە ئەوەیە کە کۆدەنگییەك دروست نابێت لەسەر ئەوەی ئایا ڕۆڵی بنیاتنەرانەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا چۆن و بە چ شێوەیەك دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر نەتواندرێت پێناسەی ڕۆڵی بنیاتنەرانەی ئەمریکا لەم ناوچەیە بکرێت، ئەوا واباشترە کە پاشەکشەی لێ بکات. بۆ نموونە هەندێ هەڵوێست و سیاسەتی ئەمریکا هەیە کە مشتومڕی زۆری لێ کەوتۆتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەمریکا لە سووریا کشایەوە و گۆڕەپانەکەی بۆ بەشار ئەسەد و ڕووسیا و حزبوڵا چۆڵ کرد. هەرچۆنێك بێت من پێم وایە هەندێ کاری دیکەی ئیدارەی ئەمریکا لەم ناوچەیە هەیە، وەك ڕاگەیاندنی پلانی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، ناکرێت بە هەنگاوێکی بنیاتنەرانە لە قەڵەم بدرێت. بەهەرحاڵ ئەمە پرسیارێکی باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی من پتر شارەزای کاروبارەکانی پەیوەست بە شەڕ و توندوتیژیم، ئەوا ڕەنگە نەتوانم وەڵامی ئەوە بدەمەوە کە ئایا دەبێت ڕۆڵی بنیاتنەرانەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا چۆن بێت.

*** ئەگەر بابەتەکە بگۆڕین و پرسیار لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی ئیدارەی ترەمپ بکەین، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ئەدای ئابووریی ئەم ئیدارەیەوە، هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەو ئیدارەیە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئابووریی ئەمریکا لە دۆخێکی زۆر باشدایە، بە چەشنێك کە پارتی کۆماری بانگەشە بۆ ئەم پرسە دەکەن و وەك دەستکەوتێکی خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام هەرچۆنێك بێت، خودی کەسایەتیی ترەمپ سێبەری بەسەر هەموو پرسەکانیدا دیکەدا لە نێو ئەمریکا هەیە.

**سەربارى هەموو ئەو بانگەشەیانەی بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێن، هێشتا پرسی نەوت لەم ناوچەیەدا گرنگە و هێشتا پرسی ئیسرائیلیش بۆ ئەمریکا بایەخی خۆی ماوە، بۆیە بۆ ئەمریکا زەحمەتە لەم ناوچەیە بکشێتەوە**

# دیمانەی تایبەت



جۆن ئی مولەر پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئۆهایۆ ستەیت و لە هەمان کاتدا توێژەرە لە سەنتەری مێرشۆن بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە هەمان زانکۆ. خاوەنی چەندین کتێبە لەبارەی چەند پرس و بابەتی گرنگەوە، وەك هەڕەشەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی، تیرۆریزم و دیموکراسی و گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتی جیهانی و سیاسەتی دەرەوە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤەکرد، کە پەیوەست بوون بە لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە، بەتایبەتی لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## جۆن ئی مولەر

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانكۆی ئۆهایۆ ستەیت، بۆ گوڵان:

# داعش لە عێراقدا تێكشكێندرا، بەڵام ئەم وڵاتە بە دەست حوكمڕانیی خراپ و گەندەڵییەوە گرفتارە

*** وەك ئاشكرایە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مشتومڕێكی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە، ئایا پێت وایە لە دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەدا ئێستا ئەم ناوچەیە بۆ پێگە و بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا كەمتر سەلامەتە؟**

- لە راستیدا ئەو بۆچوونە هەیە، كە ئەم ناوچەیە زۆر گرنگ نییە بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و هیچ كاتێكیش گرنگ نەبووە، بۆ نموونە كاتێك ئەمریكا دەستێوەردانی لەم ناوچەیەدا كرد و هەوڵی دا گۆڕانكاری تێدا بەدی بهێنێت، ئەوا ئەمە بیرۆكەیەكی بێمانا بوو، بەتایبەتی كاتێك ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستێوەردانی لە عێراقدا كرد. كەواتە ئەوەی لەم ناوچەیەدا بەدی دەكرێت ئەوەیە كە كێشەكان بێ ئەندازە ئاڵۆزن، هەرچۆنێك بێت، لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەش بكەین كە ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا توانرا سەركەوتن لە شەڕە گەورەكەدا دژ بە داعش بەدی بهێندرێت، هەرچەندە زۆربەی ئەرك و سەختیی شەڕەكە، بەتایبەتی لەسەر زەمین كەوتبۆوە ئەستۆی عێراقییەكان نەك ئەمریكا، بەتایبەتی كە ئەوە شەڕێك بوو دژ بە دوژمنێك كرا كە تا دوا رادده دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو.

*** ئێوە باسی دۆخی عێراق و پەرەسەندنەكانی ئەم وڵاتەتان كرد، چۆن لە هەلومەرجی ئێستای ئەم وڵاتە دەڕوانن؟**

- ئەوەی لە پەیوەندی بە شەڕی داعشەوە ئاماژەم پێكرد، ئەوا بەرەوپێشچوونێكی گەورە بوو كە توانرا سەركەوتن لەو شەڕەدا بەدەست بهێندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا كێشەی گەورە هەن كە رووبەڕووی ئەم وڵاتە بوونەتەوە، وەك گەندەڵیی و بوونی حوكمڕانییەكی خراپ، كە ئەمە بەسەر وڵاتانی دیكەی ناوچەكەشدا جێبەجێ دەبێت، لە نێویاندا وڵاتی ئێران.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پەرەسەندن، یان بەرەوپێشچوون لە شەڕی دژ بە داعشدا**

**رەنگە بەراورد بە سەت ساڵی رابردوو ئەوەی لە ئێستادا هاتۆتەئاراوە باشترین دەرفەت بێت، بۆ ئەوەی كورد جڵەوی چارەنووسی خۆی بگرێتەدەست، ئومێدەوارم كە كورد بە وریایی و هۆشیارییەوە هەنگاو هەڵبگرێت**

**کرد، بەڵام لە ئێستادا چاودێران و شرۆڤەکان هۆشداری دەدەن لە دووبارە دروستبونەوەی ئەم ڕێکخراوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە هێشتا ئەو هۆکارانە لە ئارادان کە لە بنەڕەتدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ڕێکخراوە، خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا من لێرەدا دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەمە کێشەیەکە و بە ڕاستی دەبێت خەڵکی ئەم وڵاتە خۆیان هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن. بەهەرحاڵ من لێرەدا دەمەوێت باس لە پەرەسەندنێکی دیکە بکەم، کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، ڕەنگە بەراورد بە سەت ساڵی ڕابردوو ئەوەی لە ئێستادا هاتۆتەئاراوە باشترین دەرفەت بێت، بۆ ئەوەی کورد جڵەوی چارەنووسی خۆی بگرێتەدەست، ئومێدەوارم کە کورد بە وریایی و هۆشیارییەوە هەنگاو هەڵبگرێت. ئێمە دەزانین کورد لە سووریا و تورکیا و عێراق و ئێراندا بوونی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی من پێم وایە ئەمەش ساتەوەختێکی مێژوویی گرنگە. بەڵام من ڕاسپاردەم ئەوەیە کە کورد پێویستە سیاسەت بکات، هەندێ کێشەی جددی هەیە کە دەبێت لەبەرچاویان بێت، چونکە تەنیا بە تەمەننا و بە خۆزگە ئەم کێشانە چارەسەر نابن و کۆتاییان پێ نایەت. هەروەها من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق ژیان لە ناوچە کوردییەکاندا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکی باشتردایە و گرنگە بتواندرێت پارێزگاری لێ بکرێت، بەتایبەتی کە کورد وڵاتێکی جوان و ئارامی هەیە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە وڵاتی تورکیا کرد، دەمانەوێت لەم بارەیەوە پرسیاری ئەوە بکەین، کە چۆن لە سیاسەت و ئیدارەی ئەو وڵاتە دەڕوانیت و چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا هەیە؟**

- ئەوەی تورکیای زۆر سەرقاڵ کردووە و کردوویەتی بە ئەولەوییەت، بریتییە لە پرسی تیرۆر لە ناوخۆی وڵاتەکەدا، کە ئێمە دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش زۆر هەستیارە بەرامبەر بە پرسی تیرۆر، بەتایبەتی کە بینیمان چ کاردانەوەیەك لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە هەبوو، بە هەمان شێوە وڵاتی چین-یش بە هەستیارییەوە لەم مەسەلەیە دەڕوانێت و ئەوەتا بە هەزاران خەڵکی زیندانی کردووە، بەڵام ئەگەر لە کاردانەوەکانی تورکیا بڕوانین، ئەوا دەبینین ئەم وڵاتەش زیادەڕەوی کردووە لە پەرچەکردارەکانیدا، ئەمەش مەسەلەیەکە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیویەتی لە ڕووی وزەوە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت و بەشی پێداویستیی خۆی بەرهەم بهێنێت، پێت وایە ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر بڕیار و سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە؟**

- ئەوە ڕاستە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیویەتی بە گرتنەبەری ڕێگای نوێ نەوت بەرهەم بهێنێت و، لە هەمان کاتدا پشت بە وزەی ئەتۆمی ببەستێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی لەم ڕووەوە دەتوانین بیلێین ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی و لە حیساباتی ئەمریکادا گرنگی و بایەخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کاڵبوونەوە و کەمبوونەوە دەچێت، کە مەرج نییە ئەمەش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشهات و پەرەسەندنێکی خراپ بێت. پاساوی پێشتری بوونی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بوونی نەوت بوو، ئێستاش کە ئەو هۆکارە گرنگیی پێشوی نەمابێت، پرسیارە لۆژیکییەکە ئەوەیە بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون و ئامادەیی هەبێت لەم ناوچەیەدا. ئەوەی لە ئێستاشدا بەدی دەکەین، ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ باس چالاککردنی ڕۆڵی ئەمریکا ناکات لەم ناوچەیەدا و بە هەمان شێوە هەڵوێستێکی لەم چەشنە لە کاندیدی دیموکراتەکانیش بەدی ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باجی هەڵە بێماناکانی داوە، کە لەم ناوچەیەدا ئەنجامی داون. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەو بۆچوونە هاتۆتەئاراوە کە کات و ساتی ئەوە هاتووە ئەمریکا لەم ناوچەیە بکشێتەوە و بایەخ بە پرس و کێشەکانی دیکە بدات، لەبەر ئەوەی هەڵە و تێوەگلانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەرهاویشتە و لێکەوتەی قورسی هەبووە و بە سەتان هەزار خەڵکی ئەم ناوچەیە هاوشانی دەیان هەزار ئەمەریکی لەناو چوون و بوونەتە

**کورد پێویستە سیاسەت بکات، هەندێ کێشەی جددی هەیە کە دەبێت لەبەرچاویان بێت، چونکە تەنیا بە تەمەننا و بە خۆزگە ئەم کێشانە چارەسەر نابن و کۆتاییان پێ نایەت**

**بەراورد بە بەشەکانی دیکەی عێراق ژیان لە ناوچە کوردییەکاندا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە ئاستێکی باشتردایە و گرنگە بتواندرێت پارێزگاری لێ بکرێت، بەتایبەتی کە کورد وڵاتێکی جوان و ئارامی هەیە**

**بە شێوەیەکی گشتی و لە حیساباتی ئەمریکادا گرنگی و بایەخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو کاڵبوونەوە و کەمبوونەوە دەچێت، کە مەرج نییە ئەمەش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشهات و پەرەسەندنێکی خراپ بێت**

**هەڵە و تێوەگلانەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەرهاویشتە و لێکەوتەی قورسی هەبووە و بە سەتان هەزار خەڵکی ئەم ناوچەیە هاوشانی دەیان هەزار ئەمەریکی لەناو چوون و بوونەتە قوربانی**



قوربانی، هەروەها تێچوون و باجە ئابوورییەکەش زۆر قورس بووە و بە چەندین ملیار دۆلار بووە. هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەست بە شەکەتبوون بکرێت لە ئاست ئەم شەڕانەدا، هەروەها یەکێکی دیکەش لە دەرئەنجامەکان کەمبوونەوەی بایەخدانی ئەمریکایە بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** بەڵام باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر بایەخ بەم ناوچەیە بدات، ئەوا دەرفەت و بوار بۆ هێزە جیهانی و ئیقلیمییەکان دروست دەبێت، بۆ ئەوەی برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن و جێپێی خۆیان قایم بکەن، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بەڵێ، ئەمە وایە، بەڵام خۆ ئەگەر بێتو رووسیا بەرپرسیارێتیی پرسی ئەفغانستان بگرێتەدەست، ئەوا ئەمە پەرەسەندنێکی باشە، دواتر ئەوەی بەلای منەوە روون نییە دەستەواژەی دەستڕۆیشتوویییە، کە پێم وایە بە چەشنی دەستەواژەکانی دیکەی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کەسانێك هەن بەکاری دەهێنن، بە بێ ئەوەی تێمان بگەیەنن کە بە راستی ئەمە مانای چییە و پێناسەکەی چییە، ئەگەر لەدەستدانی دەستڕۆیشتوویی بریتی بێت لە کۆتاییهێنان بە قوربانیکردنی هەزاران کەس و گلدانەوەی ملیۆنان دۆلار، ئەوا ناکرێت ئەمە بە لەدەستدان و دۆڕان لێك بدرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو تێڕوانینەی لە ئەمریکا زاڵە، ئەوەیە کە چیتر ئەم وڵاتە شەڕی ناوێت و خوازیاری ئەوە نییە لە چەندین کێشەوە تێوەبگلێت، کە لێیان تێناگات و، ناکرێت ئەمریکا هێز و ئابووری و ژیانی سەربازەکانی بۆ خۆسەرقاڵکردن بە کێشەکانەوە تەرخان بکات، کاتی ئەوە هاتووە کە ئەمریکا خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی تەرخان بکات.

*** بە شێوەیەکی گشتی پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئەمریکا گرنگیدانەکانی بەم ناوچەیە (جگە لە ئیسرائیل) کەم دەکاتەوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە ئیدی کورد بن، یان شیعە و سوننە، یان وڵاتانی کەنداو، دەبێت خۆیان رێگاچارەیەك بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیانی نێوانیان و ئەمەش پێشهاتێکی باشە، هەرچەندە هیچ زەمانەتێك نییە کە بتوانن لەم رووەوە سەرکەوتوو بن، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە دەرفەتێکە کە بۆ ئەوان دروست بووە.

**ئەگەر لەدەستدانی دەستڕۆیشتوویی بریتی بێت لە کۆتاییهێنان بە قوربانیکردنی هەزاران کەس و گلدانەوەی ملیۆنان دۆلار، ئەوا ناکرێت ئەمە بە لەدەستدان و دۆڕان لێک بدرێتەوە**

**ئەو تێڕوانینەی لە ئەمریکا زاڵە، ئەوەیە کە چیتر ئەم وڵاتە شەڕی ناوێت و خوازیاری ئەوە نییە لە چەندین کێشەوە تێوەبگلێت، کە لێیان تێناگات**



### ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد

سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بۆ گوڵان:

# ئەو پارەیەی بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان دیاری کراوە، پارەیەکی رەمزی و زۆر کەمە

# ڕێژەی سەوزایی لە ناو شار و پڕۆژەکان بەگشتی چۆتەپێش و ئێستا ڕێژەی سەوزایی لەناو شاری هەولێر لە ١٩٪ تێپەڕیوە

**پرسی چەندایەتی و چۆنیەتی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان و تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان و پلانەکانی بەرفراوانکردنی سەوزایی شار و شارۆچکەکان، هەروەها چۆنیەتی ڕێکارەکانی خۆپارێزیی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و کۆنترۆڵکردنی شوێنە گشتییەکان و چەندین پرسی گرنگی دیکە، ناوەڕۆکی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانیی هەولێر پێک دەهێنن.**

*** ڕەهەندە گشتییەکانی پلانی شارەوانی بۆ زیاتر خزمەتکردنی هەولێری پایتەخت چییە؟ ئایا بەرنامەتان هەیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی شارە هاوچەرخەکانی نیشتەجێش بگەڕێتەوە لای شارەوانی و لای کەرتی تایبەت نەمێنێت؟**

- هەولێر وەك پایتەختی کوردستان لە هەموو لایەکەوە لە فراوانبووندایە، بۆیە دابەشی سەر شەش بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی کراوە، سەرەڕای ئەوەی (بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەیی پارك و باخچەکان و بەڕێوەبەرایەتیی ژینگەپارێزی و فەرمانگەی پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان)مانە هەیە. بەهۆی ئەو بەرفراوانییەی لە هەولێر هەیە، لە بیرکردنەوەداین، چۆن بتوانین لە ئایندەیەکی نزیك چەندین شارۆچکەی دەوروبەری هەولێر وەك دارەتوو و بنەسڵاوەو کەسنەزان و شاوێس و پیرزین و... تاد، بخەینە سەر سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر، پێشتریش کار لەسەر ئەمە کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کارێکی زۆری ئیداری و تەکنیکی تێدا مابوو، ئەو بەرنامەیە ڕاگیرا. ئێمە ئەو بیرۆکە و دراسەتە دووبارە دەکەینەوە، ئەگەر لە ئایندە دیتمان لە بەرژەوەندیی ئەوەیە ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەش بخەینە سەر سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر. جێگای سوپاسە جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پارێزگاری هەولێر لە هەموو کارو بەرنامەکانمان هاوکارو پشتیوانمانن، تاوەکو لە پرۆسەی کارو بەرنامەکان سەرکەوتوو بین. ئێستا تەندەری خاوێنکردنەوەی شاری هەولێر لەلامانە و دابەش کراوە بە سەر شەش کۆمپانیا، کە لە مانگی شەشی ئەمساڵ ئەو تەندەرە کۆتایی پێ دێت، بۆیە ئێمە دەمانەوێت وەك کارئاسانییەك

**حکومەتی هەرێم لەسەر ئەنجامدانی کارو بەرنامە خزمەتگوزارییەکان سوور و توند و جددییە بۆ ئەوەی بتوانرێت باشترین و زۆرترین خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان جێبەجێ بکرێت**

**لە خزمەتی هاووڵاتیاندایین و فەرمانگەکان دەبێت بە بێ رۆتین و دروستکردنی کێشە و گرفت مامەڵەکانی هاووڵاتیان رایی بکەن**

**داهاتی فرۆشتنی زەویی نایاب و روکنەکان کە ١٠٠٪ی بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی بوو، کە لەکارو بەرنامەو پرۆژە خزمەتگوزارییە گەورەکانی شاری هەولێر خەرجمان دەکرد، بەڵام بە بڕیارێکی وەزارەتی دارایی لە سەرەتای ئەمساڵەوە ئەو داهاتەش ١٠٠٪ براوە**

**ئەو بڕیارەی بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان دەرچوو، زیاتر بۆ ئەوە بوو کە خەڵکەکە سوودمەند بێت و لە رووی خزمەتگوزارییش بێنەوە ناو چوارچێوەی بەرنامە و رێنمایی و ماستەرپلانەوە و لە پاشان حاڵەتی زێدەڕۆیی بە هیچ جۆرێک روو نەدات و قبووڵیش ناکرێت**

**لەناو شاری هەولێر تا ئێستا زیاتر لە ٣٥٠ پارک و باخچە هەیە، لەوانە ١٥پارکی گەورەمان هەیە، وەک شانەدەرو منارەو پێشمەرگە و قوتابیان و ئەوانی دیکە پارک و باخچەی مامناوەند و بچووکن**

بۆ ئەو شاری نیشەجێبوونانەی لە سنووری سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێرن، کە ئێستا لە بری خزمەتگوزارییەکان، بۆ نموونە وەك هەڵگرتنەوەی خاشاك پارەیان لێ وەردەگیرێت، لە مانگی شەشەوە پرۆسەی خاوێنکردنەوەی ئەو شارە نیشتەجێبوونانە داخیلی ئەو تەندەرە بکرێت، لەو کاتەی داخیلی ئەو تەندەرە کرا، ئەوە ئێمە دەتوانین خاوێنکردنەوە و پاکڕاگرتنی ئەو شوێنانەش بخەینە سەر ئەستۆی سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر لە رێگای ئەو شەش کۆمپانیایەی کە لە پرۆسەیەکی شەفاف و تەندەری ئاشکرا کارەیان بۆ دەردەچێت.

*** تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵتان هەماهەنگە بۆ جوانکردنی پایتەخت و ئەو پڕۆژە ستراتیژییانە چین کە بەرنامەتان بۆ داناون لە هەولێر جێبەجێ بکرێن؟**

- هەفتانە ئەنجومەنی شارەوانیی هەولێر بە کارەکانی خۆیان هەڵدەستن، بەڵام چەند رۆژێك پێش ئێستا بە بڕیارێکی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە دەرچوو بۆ ئەوەی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵبوەشێتەوە ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە ئەنجومەنێکی دیکەی شارەوانی دابمەزرێت کە ٧٥٪ی ئەندامەکانی ئەنجومەنەکە لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی سنووری سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر بێت و ٢٥٪ی ئەندامەکانیشی لە کەسانی رێکخراوە و کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، ئەمەش گۆڕانکاری و پرۆسەیەکی زۆر تازە و گرنگە و ئەو ئەنجومەنە تازەیە لە هەر بڕیارێکدا بە هۆی بوونی ئەندامی هەموو فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لە ناو ئەنجومەنەکەدا بەشدار دەبن لە بڕیاردانەکە، ئەگەرچی پێشتر لە کاتی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانییەکان، لەوانەیە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارەبا، یان ئاو و ئاوەڕۆ، گلەییان هەبووایە و بڕیارەکە لەگەڵ ئەوان نەگونجاو بووایە. بەڵام لە ئەنجومەنە تازەکەدا بڕیارەکان بەپێی پێویست و گونجاو پەسند دەکرێن و دەردەچن، لەم کارانەشدا جەنابی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پارێزگاری هەولێر خەمخۆر بوون کە ئەو کارو بەرنامانە بگەنە ئەو ئاستە و سەرکەوتوو بێت، ئەمەش شایانی دەستخۆشییە لێیان. بێگومان جوانکردنی پایتەخت بەرنامەو ئامانجی خۆمانە و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە جددی هاتووەتە مەیدانی ئەوەی کە بە باشترین و جوانترین شێوە کارە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات، هەر بۆیەش ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمان زۆر ئاسان نییە، چونکە دەبینین، حکومەتی هەرێم لەسەر ئەنجامدانی کارو بەرنامە خزمەتگوزارییەکان سوور و توند و جددییە بۆ ئەوەی بتوانرێت باشترین و زۆرترین خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان جێبەجێ بکرێت. لەهەمانکاتدا پرۆسەکە زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە خۆمان بە خزمەتکاری هاووڵاتیان بزانین بۆ پێشکەشکردنی باشترین و جوانترین خزمەتگوزاری، واتە لە خزمەتی هاووڵاتیاندایین و فەرمانگەکان دەبێت بە بێ رۆتین و دروستکردنی کێشە و گرفت مامەڵەکانی هاووڵاتیان رایی بکەن.

*** شارەوانیی هەولێر خاوەنی داهاتێکی باشە و ئەگەر ئەم داهاتە بۆ خزمەتگوزاری تەرخان بکرێت، دەتوانن خزمەتگوزارییەکی زۆر پێشکەشی هاووڵاتیان بکەن. ئایا داهاتی ساڵانەی شارەوانی هەولێر چەندەو لەم داهاتە چەندی دەدەنە خەزێنە و چەندی دەدرێتەوە بە ئێوە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن؟**

- داهاتەکان چەندین جۆرن کە دابەشی سەر سێ بەش کراون، یەکەم: داهاتی بەکرێدانی گەراج و دووکان و کارگەکانی موڵکی شارەوانی کە ١٥٪ی بۆ ئێمە دەگەڕێندرێتەوە. دووەم: داهاتی کرێی ریکلام و زبڵ و خاشاکە کە کرێی ریکلام و زبڵ و خاشاك لە رێگای کۆمپانیای (میدیا تێك) کە گرێبەستی لەگەڵ کراوە، کۆدەکرێتەوە کە رێژەیەك لە داهاتەکەی بۆ خۆیانە و رێژەکەی دیکە بە حکومەت دەدەن، لە ساڵانی رابردوو لەو داهاتەوە ١٧٪ی بۆ ئێمە دەگەڕێندرایەوە و بەکاردەهاتەوە بۆ کارە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، بەڵام ئەمساڵ ئەو رێژەی دەدرا بە ئێمە، لەلایەن وەزارەتی دارایی کەم کرایەوە بۆ ١٥٪، ئەگەرچی بەپێی بەرفراوانیی شاری هەولێر پێویست بوو، ئەو رێژەیە زیاد بکرایە، نەك کەم بکرێتەوە، چونکە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کارو بەرنامە

خزمەتگوزارییەکانمان هەیە. کەمکردنەوەی ڕێژەی تەرخانکراو بۆ ئێمە وای کردووە کە توانا و ئیمکانیاتمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و کارە خزمەتگوزارییەکانی شاری هەولێر کەم ببێتەوە، هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو پارێزگاری هەولێر قسەمان کردووە کە داهاتەکانمان بۆ زیاد بکەن. بە ڕێژەی داهاتی بەشی یەکەم و دووەم لە ناو شاری هەولێر پرۆژە و کارە خزمەتگوزارییە مامناوەند و بچووکەکانمان ئەنجام داوە، بەشی سێیەم: داهاتی فرۆشتنی زەویی نایاب و روکنەکان کە ١٠٠٪ی بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانی بوو، کە لەکارو بەرنامەو پرۆژە خزمەتگوزارییە گەورەکانی شاری هەولێر خەرجمان دەکرد، بەڵام بە بڕیارێکی وەزارەتی دارایی لە سەرەتای ئەمساڵەوە ئەو داهاتەش ١٠٠٪ بڕاوە و، دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی. ئەم بڕیارە جگە لەوەی جێگای نیگەرانیی ئێمەیە و کاریگەری خراپی لەسەر ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ شاری هەولێر دروست کردووە، بۆ ئەمەش لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار قسەمان کردووە کە ئەو کێشەیە چارەسەرێکی جددی بکرێت، چونکە ئەنجامدانی کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شاری هەولێر زیاتر پەیوەستە بەو داهاتەوە.

*** ماوەیەك لەمەوپێش پەرلەمانی کوردستان یاسای تاپۆکردنی خانووە زیدەڕۆییەکانی پەسەند کرد، بەو یاسایە چەند خێزان لە خانووە زیدەڕۆییەکانی هەولێر سوودمەند دەبن؟ بڕی ئەو پارەیەی بۆ هەر مەترێك زەوی لە هاووڵاتیانی وەردەگرن چەندە؟ ئایا ئەو پارەیە جارێکی دیکە بۆ خزمەتگوزارییەکانی پایتەخت خەرج دەکرێتەوە، یان دەدرێتەوە بە خەزێنە؟**

- نووسراوی پرۆسەکە تازە گەیشتۆتە لای ئێمە و کارەکان و چۆنیەتی پرۆسەکە و مامەڵەکان بە تەواوی روون نەبۆتەوە، بەڵام ئێمە هەر شەش شارەوانی سنووری شاری هەولێرمان ئاگادار کردووەتەوە، هەر یەکەیان لە سنووری خۆیان جەردێك بۆ ئەو خانووە زێدەڕۆییانە بکەن، ئێمە لەگەڵ دەرچوونی ئەو بڕیارە کارێکی دیکەشمان کردووە، بۆ ئەوەی زێدەڕۆیی نەکرێتە سەر ئەو پارچە زەوییانەی لە تەنیشت خانووە زێدەڕۆییەکانن، چونکە هەوڵێك هەبوو کە ئەو زەوییانەش زیدەڕۆییان بکرێتە سەر و بخرێنە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆیەکان دەرچووە، بەڵام پاش ئەوەی هەر شەش شارەوانی توانییان بە تەواوی جەردەکانیان بۆ خانووە زێدەڕۆییەکانی سنوورەکانیان بکەن، ئەو کات دەتوانین ژمارە و ناو ئەو بڕە پارەی لە هەر یەکێك وەردەگرین، رابگەیەنین. کاریش دەکەین لەگەڵ تاپۆ و دادگاو وەزارەتی دارایی و لایەنی پەیوەندیداری دیکە بۆ ئەوەی هەموومان بە یەکەوە بتوانین خانووەکان بە سەر ئەو کەسانەی کە زێدەڕۆییەکانیان ئەنجام داوە، تاپۆ بکەین. ئەو پارەیەی لە بەرمبەر تاپۆکردنی خانووەکانی زێدەڕۆ وەردەگیرێت، پارەیەکی رەمزی و زۆر کەمە، ئەو بڕیارەی بۆ تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان دەرچوو، زیاتر بۆ ئەوە بوو کە خەڵکەکە سوودمەند بێت و لە رووی خزمەتگوزارییش بێنەوە ناو چوارچیوەی بەرنامە و رێنمایی و ماستەرپلانەوە و لە پاشان حاڵەتی زێدەڕۆیی بە هیچ جۆرێك روو نەدات و قبووڵیش ناکرێت.

*** چەند ساڵێك پێش ئێستا هەندێك بینایە و باڵاخانە کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتیان وەردەگرت، مۆڵەتیان لە شارەوانی وەرنەدەگرت، ئایا ئێستا ئەمە ماوە، یان هەموو لایەك دەبێت مۆڵەت لە شارەوانی وەربگرن؟ ئەگەر ئێوە مۆڵەت دەدەن، رێنماییەکانتان بۆ ئەو پرۆژانە چییە و تاچەند رەچاوی رووبەری سەوزایی دەکەن؟**

- پێشتر چەندین پرۆژە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە رێگای پێ دراوە و کۆمپانیای شارەزاو تایبەتمەند سەرپەرشتیی پرۆژەکانی کردووە. چەندین سێکتەری سەرەکییش هەیە لە کارو پرۆژەکاندا، بەڵام هەر هەموو پرۆژەکان بەپێی رێنمایی بۆیان دیاری کراوە کە ٢٥٪ی سەوزایی بکەن. لەلای ئێمەوە پاراستنی ئەو رێژەی ٢٥٪ی سەوزاییە لە پرۆژەکاندا زۆر گرنگە و رێژەی سەوزایی لە ناو شار و پرۆژەکان بەگشتی چۆتەپێش و ئێستا رێژەی سەوزایی لەناو شاری هەولێر لە ١٩٪ تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا بەپێی تمووحی ئێمە نییە. لەناو

**هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر لە وەزارەتی شارەوانی و پیشەسازی و دەستەی وەبەرهێنان و پارێزگا و...تاد، هەموومان بە یەکەوە دەمانەوێت شارستانیەتی شاری هەولێر بە باشترین کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری و جوانکاری بهێنینەدی**

**تاوەکو ئێستا توانراوە ٦٠٠٠ کارت لەوانەی ماوە، سەنەدیان بۆ دروست بکرێت. کێشەکە زیاتر ئەوەیە کە لە هەر کەرتێک زەوی لێ دابەش کراوە، بەشێکی کراوە بەسەند و بەشێکی وەک کارت ماوەتەوە، ئەمەش تێکەڵی و بێسەروبەری دروست دەکات**

**چەندین هەڵمەتمان لەناو شار و گەڕەک و بازاڕەکان ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی کەس زێدەڕۆیی بۆ سەر شۆستەکان نەکات**

**ئەوانەی کاری دەسگێڕی و کاسبی لە بازاڕ و هەندێ شوێن دەکەن و بژێوی ژیانیان بەو رێگایەوە دابین دەکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە نانی کەس نەبڕێت، بەڵام ئەوانیش دەبێت پابەندی رێکارو رێنماییەکانمان بن**

شاری هەولێر تا ئێستا زیاتر لە ٣٥٠ پارك و باخچە هەیە، لەوانە ١٥پاركی گەورەمان هەیە، وەك شانەدەرو منارەو پێشمەرگە و قوتابیان و ئەوانی دیكە پارك و باخچەی مامناوەند و بچووكن و ٥٩ دوورگەی ناوەندی هەیە، بۆ نموونە دوورگەی ناوەندیی شەقامی ٦٠ مەتری كە درێژییەكەی ١٠كیلۆمەترە، بە پانیی ٩ مەتر كە رووبەری سەوزاییەكەی بەگشتی خۆی لە ٩٠هەزار مەتر چوارگۆشە دەبینێتەوە. چەندین دوورگەی ناوەندیی دیكەش وەك شەقامی كەسنەزان و شۆڕش و مەخموور و...تاد هەن، هەروەها لەناو شاری هەولێر ٦٠ نافورە هەیە. سەرەڕای ئەو رێژەی سەوزاییە بەرنامە و پلانمان بۆ زیاتركردنی رووبەری سەوزایی لە ناو شاری هەولێر و گەڕەكەكان هەیە، تاوەكو ژینگەیەكی باش و تەندروست بۆ هاووڵاتیان دابین بكەین. سەبارەت بە شارە نیشتەجێبووەكان، ئێستا بەشێكیان لە وەبەرهێنان وەرگیراونەتەوە و هاتوونەتەوە لای ئێمە، لەمەودواش مۆڵەتدانی پڕۆژەكان بەگشی و بەتایبەتی نیشتەجێبوون لەلایەن ئێمەوە دەدرێت. ماوەیەك پێش ئێستا لە سیمنارێك گفتوگۆ و پێشنیار و رێنمایی زۆر باش خرانەڕوو بۆ رێكخستنەوەی پێدانی مۆڵەت بە خانووی نیشتەجێ و باڵەخانەكان، لەبەر ئەوەی بێسەروبەرییەكی زۆر لەم رووەوە هەیە، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە ئەوەیە كە ئێستا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەكان هەر لە وەزارەتی شارەوانی و پیشەسازی و دەستەی وەبەرهێنان و پارێزگا و...تاد، هەموومان بە یەكەوە دەمانەوێت شارستانیەتی شاری هەولێر بە باشترین كارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری و جوانكاری بهێنینەدی.

*** تا ئێستا چەند موڵك ماوە تاپۆ بكرێن و بەرنامەتان بۆ ئەو كارە چییە؟**

- لە ماوەی رابردوو ٩٥٠٠ كارت هەبووە و كاری لە سەر كراوە، بەڵام پرۆسەكە زەحمەتە و چوار لایەنی پەیوەندیدار كاری لەسەر دەكەن، كە ئەمانەن: (سەرۆكایەتیی شارەوانی و تاپۆ و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی كشتوكاڵ)، تاوەكو ئێستا توانراوە ٦٠٠٠ كارت لەوانەی ماوە، سەنەدیان بۆ دروست بكرێت. كێشەكە زیاتر ئەوەیە كە لە هەر كەرتێك زەوی لێ دابەش كراوە، بەشێكی كراوە بە سەنەد و بەشێكی وەك كارت ماوەتەوە، ئەمەش تێكەڵی و بێسەروبەری دروست دەكات. مانگێك پێش ئێستا داوام لە بەڕێزان وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تێبینەرایەتیی خانوبەرەی هەولێر و هەر سێ تاپۆی هەولێر بە عەنكاوەوە كرد، كە كۆبوونەوەیەكمان لە دیوانی وەزارەتی شارەوانی ئەنجام دا بۆ خێراكردنی چۆنیەتی راییكردنی كارەكانی تاپۆكردن و لەم كۆبوونەوەیەدا پێشنیارم كرد كە ژوورێك لە هەر تاپۆیەك دابنرێت بۆ راییكردنی مامەڵەكانی شارەوانی، كە لەم ژوورەدا هەموو ئەندامانی لێژنەكە بەیەكەوە مامەڵەی خەڵكەكە رایی بكەن، بەمەش هاووڵاتی ماندوو نابن.ئەو پێشنیارە كراوە بە بڕیار بۆ تاپۆی دوو چووە و لە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا ئەو ژوورە دروست دەكرێت و دەستبەكار دەبن.

*** ناو شاری هەولێر و بەتایبەتی دەوروبەری قەڵات، لەگەڵ ئەوەی شوێنێكە بۆ كاسبیی هەزاران هاووڵاتی، بەڵام جەنجاڵی و قەرەباڵغییەكی زۆری هەیە كە جوانیی قەڵاتی شاردۆتەوە، بەرنامەتان بۆ رێكخستنەوەی بازاڕ و سەرشەقامەكان چییە و ئەو هاووڵاتیانەی بە هۆی ئەم رێكخستنەوەیە بێكار دەبن، بەرنامەتان بۆ ئەوان چییە؟**

- بۆ رێكخستنەوەی شەقام و بازاڕ و دووكانی ناو شاری هەولێر، پێویستە هاووڵاتیان ئاگادار بكەینەوە بۆ ئەوەی هاوكارمان بن، مەبەست لەوەش جوانكردنی سیمای بازاڕ و ناو شاری هەولێرە، بۆ ئەو كارانەش بەتایبەتی زێدەڕۆییەكان بەپێی یاسا و رێنماییەكان مامەڵە دەكەین. داوامان لە شارەوانییەكانی ناو شاری هەولێر كردووە، لە هیچ شوێن و بازاڕێك رێگا بە هاووڵاتیان نەدەن كە زێدەڕۆیی بكەن. هەروەها چەندین هەڵمەتمان لەناو شار و گەڕەك و بازاڕەكان ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی كەس زێدەڕۆیی بۆ سەر شۆستەكان نەكات. هەروەها ئەوانەی كاری دەسگێڕی و كاسبی لە بازاڕ و هەندێ شوێن دەكەن و بژێوی ژیانیان بەو رێگایەوە دابین دەكەن، ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە نانی كەس نەبڕێت، بەڵام ئەوانیش دەبێت پابەندی رێكارو رێنماییەكانمان بن. ئێمە پارێزگاری لە

**لە ماوەی رابردوو توانیمان ئەو بەشەی شەقامی ١٢٠ مەتریی شاری هەولێر تەواو بكەین و شەقامی ١٥٠ مەترییش قۆناغێكی باشی بڕیوە، كە لە شەقامی بەحركە بۆ شەقامی شۆڕش ٦٠٪ی تەواو بووە**

**پێویست بوو لە ساڵانی رابردوو نەک تەنیا لە هەولێر، بەڵكو بۆ هەموو شارو شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان كارگەی ریسایكلین دابمەزرێنین، كە ئەم پڕۆژەیە یەكێكە لەو پڕۆژە هاوچەرخانەی سیمای شار و ژینگەمان دەپارێزێت**

**ئاگادارم جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەوڵدانێكی جدیدایە كە ئەمساڵ پڕۆژەی كارگەی ریسایكلین بگاتە قۆناغی كۆتایی و هەولێر ببێتە خاوەنی كارگەی ریسایكلینی خۆی**

هەمــوو ئــەو مــەرج و ڕێنماییانــە دەکەیــن کــە بــۆ پاراستنی سیمای قـەڵات پێویستن، بۆیـە هەمـوو ئـەو باڵەخانانـەی لـە دەوروبـەری قەڵاتـن دەبێـت بەو کەرپووچەی دیاری کراوە، رووپۆشی بکـەن، ئەمـەش بـۆ جوانکردنـی هەولێـر و پاراسـتنی سیمای شارستانیی قەڵاتـە و لـە مـاوەی رابـردوو توانیمـان ئـەو بەشـەی شـەقامی ١٢٠ مەتریـی شـاری هەولێـر تـەواو بکەیـن و شـەقامی ١٥٠ مەتریـیش قۆناغێکـی باشـی بڕیـوە، کـە لـە شـەقامی بەحرکـە بـۆ شـەقامی شـۆڕش ٦٠٪ی تـەواو بـووە، ئەمـەش خزمەتێکـی باشـی شـاری هەولێـر دەکات، بەتایبەتـی لـە کەمکردنـەوەی قەرەباڵغـی و جەنجاڵـی هاتوچـۆدا، لـە هەوڵـی ئەوەشـداین ئەمسـاڵەدا ئـەو بەشـەی شـەقامی ١٥٠مەتـری کـە لەژێـر ئەنجامدانـە، تـەواوی بکەیـن. لەمـاوەی رابـردووش گرفتـی ئـاوەڕۆ و قیرتاوکردنی هەندێك شەقام و گەڕەکی هەولێری نوێمـان چارەسـەر کـرد، کـە پێویسـتی بـە ١٧٨ ملیـۆن دینـاری عێراقـی بـوو، کـە بۆمـان دابیـن کرد و لە سەردانێکماندا بۆ گەڕەکی نەسیج ئەو کێشـەو گرفتانـەی هەیانبـوو، لـە کۆنکریتکردنـی کۆڵانەکانیـان خسـتمانە نـاو بەرنامەکانمـان و دەمودەست بـڕی ٦٠ ملیـۆن دینـاری بـۆ تەرخـان کـرا، کـە ئێسـتا کاری لەسـەر دەکرێـت. هـەر لـە گەڕەکـی نەسـیج گۆڕەپانێکیـان هەبـوو بڕیـار درا لەلایـەن ئەنـدازەی پـارك و باخچـەکان بیکەنـە پارکێـك کـە ئـەم پڕۆژەیـەش دەسـتبەجێ چـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە، هەروەهـا لەبـارەی زبـڵ و خاشـاکەوە کـە ڕۆژانـە بـە هـەزاران تـەن لەنـاو شـارو گەڕەکـەکان کۆدەکرێتـەوە و دەگوازرێتـەوە بـۆ شـوێنی چارەسـەرکردن، ئێسـتا لـە زبڵخانـەی کانـی قرژاڵـە بـە سیسـتەمێکی باشـتر زبـڵ و خاشـاکەکە چارەسـەر دەکرێـت و چەنديـن بیـر لـەوێ لـێ دراون، تاوەکـو ئـەو بۆنـە ناخۆشـەی هەیـە، نەبێتـە هـۆی بێزاریـی خەڵـك، کـە پێشـتر ئـەو بۆنـە مایـەی بێزاریـی هاووڵاتیـان بـوو. ئەگەرچـی پێویسـت بـوو لـە سـاڵانی رابـردوو نـەك تەنیـا لـە هەولێـر، بەڵکـو بـۆ هەمـوو شـارو شـارۆچکەکانی هەرێمـی کوردسـتان کارگـەی ریسـایکلین دابمەزرێنیـن، کـە ئـەم پڕۆژەیـە یەکێکـە لـەو پـڕۆژە هاوچەرخانـەی سیمای شـار و ژینگەمـان دەپارێزێت. بـۆ ئەوکارگەیـە مـن ئاگادارم جەنابـی وەزیـری شـارەوانی و گەشـتوگوزار لـە هەوڵدانێکـی جددیدایـە کـە ئەمسـاڵ پـڕۆژەی کارگـەی ریسـایکلین بگاتـە قۆناغـی کۆتایـی و هەولێـر ببێتـە خاوەنـی کارگـەی ریسـایکلینی خـۆی.

*** ئایا وەك وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتیی شـارەوانی هیـچ ڕێنماییەکتـان بـۆ هاووڵاتیـان هەیـە بـۆ خۆپاراسـتن لـە ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا؟**

- بێگومـان ئێمـە وەك تیمەکانـی شـارەوانی بـە هـاوکاری و هەماهەنگـی لەگـەڵ هـەر شـەش شـارەوانی و تیمی قایمقامیەتی ناوەنـدی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی تەندروسـتیی هەولێر هەڵمەتێکـی گەورەمـان ئەنجام دا، بـۆ سـەر ئـەو کافتریـا و کۆگایانـەی نێرگەلیـان دانابـوو، کـە دوور لـە مـەرج و ڕێنماییەکانـی ئێمـە و وەزارەتـی تەندروستی بوون، هەستاین بەداخستنی شوێنەکان و دەسـت بەسـەر نێرگەلەکانیشـدا گیـراو سـزای پـێ ژماردنیش بۆیـان دانـراوە، ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە کـە ژیانـی هاووڵاتیـان بپارێزیـن، بەتایبەتـی کـە ئێسـتا بەداخـەوە ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا لـە چەندیـن وڵات بڵاوبۆتـەوە، بـەڵام چاوپۆشـی لـە هیـچ کەسـێك ناکرێـت کـە پابەنـدی ڕێنماییەکانـی خۆپاراسـتن لـە ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا نەبێـت، چونکـە ئـەو ڕێنماییانـە هـەر هەمـووی پەیوەسـتە بـە تەندروسـتیی گشـتی و لێـرەدا لـە ڕێـگای گۆڤاری گوڵانـەوە داواکارم کـە هاووڵاتیـان پابەنـد بـن بـە ڕێنماییەکانـی تەندروسـتی و شـارەوانی و ژینگـەوە بـۆ پاراسـتنی گیانـی خۆیـان و گشـت هاووڵاتیانـی شـاری هەولێـر و هەرێمـی کوردسـتان، هـەر کەسـێکیش پابەنـد نەبێـت، ئـەوە ڕێـکاری یاسـایی بەرامبەریـان وەردەگیرێـت. ئێمـە وەك وەزارەتـی شـارەوانی و گەشـتوگوزار و شـارەوانیی هەولێـر و شـارەوانییەکان بـۆ خۆپاراسـتن لـە ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا هەڵمەتێکـی رشـاندن و هۆشـیاری و خۆپاراسـتنمان لەنـاو وەزارەت و فەرمانگەکانمان ئەنجام داوە و هاتنـی هاووڵاتیان بۆ فەرمانگەکانمان بەپێی سیستەم و ئاسانکارییەك کـەم کردووەتـەوە، بـە بـێ ڕاگرتنـی هیـچ مامەڵەیەکیـان. واتـە مامەڵـەی هاووڵاتیـان هـەر وەك خـۆی ڕایـی دەکرێـت، بەبـێ ئـەوەی بێنـە نـاو فەرمانگـە و وەزارەتـەوە، ئەمـەش بـۆ خۆپاراسـتنی فەرمانبەرانمـان و هاووڵاتیانـە لـە پەتـای ڤایرۆسـی کۆڕۆنـا.

**هەڵمەتێکی گەورەمان ئەنجام دا، بۆ سەر ئەو کافتریا و کۆگایانەی نێرگەلیان دانابوو، کە دوور لە مەرج و ڕێنمایەکانی ئێمە و وەزارەتی تەندروستی بوون، هەستاین بەداخستنی شوێنەکان و دەست بەسەر نێرگەلەکانیشدا گیراو سزای پێ ژماردنیش بۆیان دانراوە**

**بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆڕۆنا هەڵمەتێکی رشاندن و هۆشیاری و خۆپاراستمان لەناو وەزارەت و فەرمانگەکانمان ئەنجام داوە و هاتنی هاووڵاتیان بۆ فەرمانگەکانمان بەپێی سیستەم و ئاسانکارییەک کەم کردووەتەوە**

**مامەڵەی هاووڵاتیان وەک خۆی ڕایی دەکرێت، بەبێ ئەوەی بێنە ناو فەرمانگە و وەزارەتەوە، ئەمەش بۆ خۆپاراستنی فەرمانبەرانمان و هاووڵاتیانە لە پەتای ڤایرۆسی کۆڕۆنا**



د. هەڵۆ مستەفا عەسکەری

سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بەپێی یاسا و رێنماییەکانی دەستەی ژینگە دەبێت هەموو پرۆژەیەک ٢٥٪ی سەوزایی بێت

# کاردەکەین بۆ ئەوەی بەپێی نەخشەیەکی زانستی و بە کوالیتییەکی بەرز هەوای پاک و خاوین بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت

**پرسی ژینگە و ژینگەپارێزی، یەکێك لە گرنگترین پرسە جەوهەرییەکانی هەر وڵاتێکە و وڵاتانی جیهانیش کۆڕبەندی نێودەوڵەتی لەسەر دەکەن. بۆ بایەخدانی زیاتر بەو پرسە گرنگە و چۆنیەتی پاراستنی ژینگەی کوردستان و خستنەڕووی ڕێکار و ڕێنماییەکان، گۆڤاری گوڵان ئەم دیدارەی لەگەڵ دکتۆر هەڵۆ مستەفا عەسکری سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا.**

*** وەك یەکەم پرسیار دەمانەوێت بزانین ئەو بوارانە چین کە پاراستن و چاککردنی ژینگە دەیانگرێتەوە و، ستراتیژیەتی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەو بوارانەدا چییە؟**

- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەستەیەکی چاودێرییە، نەك جێبەجێکار، واتە وەزارەت نین، وەك وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە و کشتوکاڵ و کارەبا، کە ئەمانە زیاتر خزمەتگوزارین و کاری خۆیان جێبەجی دەکەن. ئێمە دەستەیەکی چاودێرین و کارەکەمان ئەوەیە چاودێریی دامودەزگاکانی حکومەت و هاووڵاتی و کەرتی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی لە رووی ژینگەییەوە بە ڕێنمایی و یاساکانی ژینگەوە پابەند بن. یەکێك لە ئەرکە گەورەکانمان ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە رووی ژینگەییەوە هۆشیار بکەینەوە. بۆ نموونە زۆر کەس هەیە، دەڵێن هەولێر تەم و دووکەڵێکی زۆری لەسەر نیشتووە و بۆنی غاز هەیە، هەموو ئەمانە راستە و خراپیشن، بەڵام دەبێت بزانین ئایا ئاسمانی شاری هەولێر بە چ غازێك پیس بووە و، چڕیی غازەکان چەندە و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی غازەکان چۆنە و چارەسەری ئەمانە چۆنە، بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوەیەك ئەنجام بدەین، ئێنجا بڕیار لەسەر کارو چارەسەرکردنی بدەین. چونکە ئەو حاڵەتانە ناتوانرێت تەنیا بە هەڵمەتێك چارەسەر بکرێن. ئێمە لەناو دەستە، فەرمانگەی هونەری و کارگێڕی و دارایی و یاساییمان هەیە، بەڵام بەهۆی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ کە تایبەتە بە دامەزراندنی دەستە، کەموکوڕی لە هەندێ کارە کارگێڕییەکانماندا هەیە، لەوانە بەڕێوەبەری گشتیمان نییە، ئەگەرچی لە هەندێ نووسراو و بۆنەدا داوامان لێ دەکرێت کە بەڕێوەبەری گشتی بۆ ئەو شوێنانە بنێرین، یان لە یاسای ژمارە (٨) دەڵێت: وەزیر، یان ڕێپێدراوەکەی بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، دەتوانێت سزای فلان پڕۆژە بدات، بەڵام ئێمە نە وەزیر و نە بەڕێوەبەری گشتیمان نییە، ئەوەش تەنگوچەڵەمە و گرفتی بۆ دروست کردووین، دەمانەوێت ئەوە چارەسەر بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش پڕۆژە یاساکەی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ئامادەیە و بڕیارە لەو ماوەیەدا بۆ حکومەتی بنێرین.

**ئەو تەکنەلۆژیایەی ئێمە بە کاری دەهێنین زۆر لاوازە لە رووی زانستی و لەگەڵ ئەم سەردەمەش گونجاو نییە**

**بەهۆی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی٢٠١٠ کە تایبەتە بە دامەزراندنی دەستە، کەموکوڕی لە هەندێ کارە کارگێڕییەکانماندا هەیە**

*** ئایا تا چەند دەستەی ژینگە رۆڵی هەیە لە کۆنترۆڵکردنی پڕۆژەکان، بەتایبەتی پڕۆژەکانی نەوت و کارگەکانی ئاسن و چیمەنتۆ و زۆر پڕۆژەی دیکە کە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ژینگە هەیە؟**

- لە هەیکەڵی ناو دەستەدا سێ فەرمانگە هەیە، (هونەری کارگێڕی و دارایی و یاسایی،

هۆشیاری و راگەیاندن) و پێنج فەرمانگەشمان لە دەرەوەی ناو دەستە هەیە، کە هەر پارێزگایەك ئیدارەیەکی سەربەخۆ و فەرمانگەیەکی ژینگەی هەیە و، بەپێی قەبارەی گەورە و بچووکی تیمی پشکنین لە فەرمانگەکاندا هەن. ئەو تیمانە رۆژانە دەگەڕێن و بەدواداچوون بۆ پڕۆژەکان دەکەن و ئەو پڕۆژانەی دەستی پێ نەکراوە، کەشفیان بۆ دەکەن و لەپاشان لە خاوەنی پڕۆژەکە داوا دەکرێت، راپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەی پێشکەش بکات، لەگەڵ ئەو ئەوراقانەی کە تایبەتن بەو پڕۆژەیە و بەپێی ئەو پێداچوونەوە و ئەو نەخشەیەی دانراوە، پڕۆژەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت، کە پەسندە، یان پەسند ناکرێت. هەندێ پڕۆژە هەیە مەرجی لەگەڵە و لەدوای پەسندکردنی بە دواداچوونی بۆ دەکرێت، تاوەکو دڵنیا بین لە جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی بۆ پڕۆژەکە دانراون. هەر پڕۆژەیەك مەرج و رێنماییەکانی ژینگەیی جێبەجێ نەکات، ئاگادار دەکرێنەوە، ئەگەر لە سەرپێچییەکەش بەردەوام بێت، بە پێی یاسا سزای پێ ژماردنی دەدرێت. سەبارەت بە پڕۆژەکانی کێڵگە نەوتییەکان و کارگەی چیمەنتۆ و ئاسن کە سێ بواری زۆر گەورەن و لە کوردستان بە پیشەسازیی گەورە دانراون، تیمەکانمان لە چاودێری و بەدواداچوونی کارگەکانیان بەردەوامن. بێگومان تیمەکان کەموکوڕییان هەیە، بەتایبەتی لە رووی ژمارەوە تیمەکانی چاودێریمان کەمن و شارەزای و ئەزموونیان بەپێی پێویست نییە و پێویستیان بە مەشق و راهێنانی زۆرترە لە رووی تەکنەلۆژیاوە. بە راستی نایشارمەوە، ئەو تەکنەلۆژیایەی ئێمە بە کاری دەهێنین زۆر لاوازە لە رووی زانستی و لەگەڵ ئەم سەردەمەش گونجاو نییە، بۆیە پێویستیمان بە کەرەستەی زۆر باشتر هەیە، کە لە وڵاتان بەکاری دەهێنن، بەڵام لە بواری نەوت کە خۆم پێشتر راوێژکار بووم لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان، لەوێ بەڕێوەبەرایەتییەك هەیە بە ناوی سەلامەتی و تەندروستی و ژینگە، کە ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەرپەرشتیی هەموو کارەکان دەکات کە پەیوەندی بە نەوت و غازەوە هەیە لە رووی سەلامەتی و تەندروستی و ژینگەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان هەوڵمان داوە ئەو کەیسە یەکلا بکەینەوە، کە کاممان لەو کەرتە بەرپرس دەبین، یان هاوکار و هەماهەنگ بین لەگەڵ یەکتر، چونکە کەرتی نەوت و غاز هەستیارە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئێستا تاکە سەرچاوەیە بۆ وزە و داهات لە وڵاتەکەمان و، لەم بارەشەوە بە هێچ جۆرێك ژینگە فەرامۆش نەکراوە لە رووی سەلامەتی وتەندروستییەوە. ئەو کۆمپانییانەی لە بواری نەوت و غاز کار دەکەن، لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە چاودێری دەکرێن، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە ئەوەی وەك مۆڵەتدان بێت، بەپێی ئەو رێنماییانەی هەمانە، بە باشترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین. بەپێی یاسا و رێنماییە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی بواری ژینگەیی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و غاز دەکرێت.

*** چۆن چاودێریی تەندروستی ئامانجی یەکەمی ئەوەیە کە مرۆڤ نەخۆش نەکەوێت، کاری ئێوەش ئەوەیە کە ژینگەی کوردستان پیس نەبێت، یان تێکنەچێت، بەرنامەتان بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان چییە؟**

- پار سێ پڕۆژەی زۆر گەورەمان راگەیاند لە ٤/١٦ کە رۆژی ژینگەی هەرێمی کوردستانە بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیر و کونسولی وڵاتان ئەوانەی کە لە هەرێمن، پڕۆژەی یەکەمان بریتی بوو لە رێسایکلینی بوتڵی پلاستیك و دووبارە بەکارهێنانەوەی بۆ بەرهەمی دیکەی پلاستیك وەك تەشت و سەلە و...هتد، کە ئێستاکەش لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی کاری لەسەر دەکەین و، لە هەندێ شوێن ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ کراوە، لە هەندێ شوێنیش هێشتا ماوە کاری لەسەر بکەین. پڕۆژەی دووەممان بریتییە لە کەمکردنەوە و قەدەغەکردنی کیس و عەلاگەی نایلۆن تا ساڵی ٢٠٢٥ و بۆ ئەو پڕۆژەیە پێشەکی داوامان لە چەند سوپەرمارکێتێکی گەورە کرد، لەوانە کارفور کە بە دەنگمانەوە هات و لەگەڵمان دانیشت و هاوکارمان بوو، پڕۆژەی خۆیشی لەم بارەوە هەبوو. ئێستا ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ دەکرێت. لەگەڵ هۆلەند بازاڕ لە گفتوگۆداین، بۆ ئەوەی پێکەوە پڕۆژەیەك لەم بارەوە ئامادە بکەین، پڕۆژەکەش ئەوەیە کە مارکێتەکان پێویستە کیسی کاغەز، یان ئەو نایلۆنانە بەکار

**هەر پڕۆژەیەک مەرج و رێنماییەکانی ژینگەیی جێبەجێ نەکات، ئاگادار دەکرێنەوە، ئەگەر لە سەرپێچییەکەش بەردەوام بێت، بە پێی یاسا سزای پێ ژماردنی دەدرێت**

**لە رووی ژمارەوە تیمەکانی چاودێریمان کەمن و شارەزای و ئەزموونیان بەپێی پێویست نییە و پێویستیان بە مەشق و راهێنانی زۆرترە لە رووی تەکنەلۆژیاوە**

**بەپێی یاسا و رێنماییە نێودەوڵەتییەکان و هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی بواری ژینگەیی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و غاز دەکرێت**

بێنن، کە ژینگە دۆستن و لەبری ئەوەی یەکجار بەکار بێت، دەیانجار بەکار بێت و لەگەڵ چەندین سوپەرمارکێت لە هەولێداین کە بۆ ئەو پڕۆژەیە هاوکار بن، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان کەمتەرخەمن و بەدەنگمانەوە نایەن، پڕۆژەی سێیەم: هەڵسەنگاندن و کارکردن بوو بۆ پیسبوونی هەوا لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لە شاری هەولێر، چونکە هەولێر بەپێی ئەو توێژینەوەی بڵاوکرایەوە لەلایەن ڕێکخراوی گرین پیسی نێودەوڵەتییەوە کە لە مانگی (٦بۆ٨)ی ٢٠١٨ ئەنجامیان داوە، لەسەر غازی نۆکس لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا ئەو شوێنانەیان دەستنیشان کردبوو کە پیسبوونەکەیان بە چڕییەکی زۆرە کە بۆ ناوچەکە دەبێتە گرفت، لە عێراقیش هەولێر و بەغدا دەستنیشان کرابوون، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە ئەو پڕۆژەیەمان ڕاگەیاند و پرۆپۆزەلی خۆمان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئامێرانەی پێویستن بۆ پشکنینی هەوا، بۆمانی دابین بکەن، کە هەشت وێستگە لە هەولێر بێت و هەشت وێستگە لە سلێمانی بێت، بەڵام لە شاری دهۆك ئێستا پێنج وێستگەی جێگیر و دوو وێستگەی گەڕۆکمان هەیە، لە دوای ئەوەی پشکنین و داتای باشمان لە هەولێر و سلێمانی دەست دەکەوێت، ئەو وێستگانە دەبەین بۆ گەرمیان و ڕاپەڕین و ئەگەر دهۆکیش پێویستی بێت، بۆ ئەویش وێستەگی دیکە دەبەین، واتە کاردەکەین بۆ ئەوەی بەپێی نەخشەیەکی زانستی و بە کوالیتییەکی بەرز هەوای پاك و خاوین بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت.

*** لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، هەرێمی کوردستان ساڵانە هەڵمەتی سەوزکردنی شارەکان و نەمام چاندنی کردووە بە دیاردەیەك لە کوردستاندا، لەدوای ساڵی ٢٠٠٣شەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بە دروستکردنی پارکی گشتی و پارکی گەڕەکەکان و مەرجدانان بۆ مانەوەی زەوی لە ماڵەکاندا بۆ باخچە، بۆ ئەوەی ئاستی سەوزایی لە شارەکاندا بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی ستاندەری جیهانی، ئایا لە هەرێمی کوردستان تا چەند ئەم هەوڵانە بەرەوپێش چوون؟**

- زۆر بە ئاشکراو ڕوونی سەوزکردن و هەڵمەتی دارچاندن بۆ زیادبوونی ڕووبەری سەوزایی لە هەرێمی کوردستان لە یاسا و ڕێنماییەکانماندا دیارە و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە دەبێت هەموو پڕۆژەیەك ٢٥٪ی سەوزایی بێت. بەپێی تۆبۆگرافیی ناوچەکەمان دەتوانین کار لەسەر سەوزایی بکەین. بۆ نموونە لە شارێکی وەك هەولێر کە دەشتە و بەرفراوانییەکی زۆری هەیە، دەتوانرێت ٢٥٪ی زیاتر بکرێتە سەوزایی و زۆر بە ئاسانی دەکرێت لە پڕۆژەکان جێبەجێ بکرێت، بەڵام لە شارێکی وەك سلێمانی و دهۆك لە بەر ئەوەی هەر چوار دەوری بە شاخ و گرد دەورە دراوە و چڕیی دانیشتووانی هەیە، ئەمە گرفتی بۆ دروست کردووین. بۆیە ناتوانرێت زۆر بە ئاسانی لە پڕۆژەکاندا ٢٥٪ی بکرێت بە سەوزایی، بەڵام ئێمە هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی یاسا و ڕێنماییەکانی دەستەی ژینگە لەم بوارەدا جێبەجێ بکەین و، وەبەرهێنەریش زوڵمی لێ نەکرێت. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار گفتوگۆمان کردووە، لەسەر ئەوەش ڕێککەوتووین لە کاتێکدا خاوەن پڕۆژەیەك لە پڕۆژەکەی نەتوانێت ٢٥٪ی سەوز بکرێت، لە جیاتی ئەوە با پارکەکانی ناو شار (ئەوانەی بە هۆی قەیرانی دارایی نەتوانراوە، کاریان لەسەر بکرێت) سەوز بکات. هەروەها دەکرێت لە ڕێگای وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و دەرەوە لە دەرەوەی سنووری شارەکان دارستان دروست بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ جەنابی وەزیری کشتوکاڵ قسەم کردووە. ئێستا سێ پڕۆژەم بۆ ئەو مەبەستە لەبەردەستە، یەکێك لەو پرۆژانە نەمام چاندنە لە دەرەوەی شارەکان و بۆ ئەم پڕۆژەیەش داوامان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە کە پانتایەك بە هەر ڕووبەرێك بێت لە دەرەوەی شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆك بۆمان تەرخان بکەن، تاوەکو دەست بەجێبەجێکردنی پڕۆژەکە بکەین. لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە کارمان لەگەڵ دەکەن، هەستاین بە تەڵبەندکردنی شوێنەکە و لە ڕێگای بیرەوە سیستەمی ئاودێریی بۆ دابنێین. هاوکات لە پڕۆژەکەدا هەلی کار بۆ ئەو ئاوارە و پەناهەندانە دروست بکەین، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانن، بەم جۆرە پرۆژانەوە دەتوانین پانتایی دارودرەخت و سەوزایی زیاد بکەین و بەرەنگاری هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگەش ببینەوە.

**جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە کابینەی تازەدا لە کارنامەکەی خۆیدا بە تێروتەسەلی باسی لە ژینگە کردو، جەختی لەوە کردەوە کە زۆر پێویستە هوشیاریی ژینگەیی بڵاو بکەینەوە و مامەڵەی دروست لەگەڵ زبڵ و خاشاك بکەین و کارگەی ریسایکلین لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێت**

**مارکێتەکان پێویستە کیسی کاغەز، یان ئەو نایلۆنانە بەکار بێنن، کە ژینگە دۆستن و لەبری ئەوەی یەکجار بەکار بێت، دەیانجار بەکار بێت و لەگەڵ چەندین سوپەرمارکێت لە هەوڵداین کە بۆ ئەو پڕۆژەیە هاوکار بن، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان کەمتەرخەمن و بەدەنگمانەوە نایەن**

**لە شارێکی وەک هەولێر کە دەشتە و بەرفراوانییەکی زۆری هەیە، دەتوانرێت ٢٥٪ی زیاتر بکرێتە سەوزایی و زۆر بە ئاسانی دەکرێت لە پڕۆژەکان جێبەجێ بکرێت**

# ٨ی مارس و
# رێککەوتننامەکەی کاری جیهانی

بۆ یەکەم جار رێکخراوی کاری جیهانی (ILO) -International Labor Organization – لە ساڵی ٢٠١٩ بابەتی «بێزارکردن وتوندوتیژی» دەکاتە بابەتێك و گرنگی پێ دەدات، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ژنانیش بەتایبەتی لەم ٨ی مارسەدا دەیکەنە بابەت و کەمپینی ئەمساڵیان کە رێکەوتننامەکە بە ژمارە (١٩٠) و راسپاردەی ژمارە (٢٠٦) لەژێر ناونیشانی: (Violence and Harassment Convention)، ئاراستەی وڵاتان و سەندیکاکانی کرێکارانی جیهانی دەکەن و داوای پابەندبوون بەو رێکەوتنامەیە دەکەن، تاوەکو سەلامەتیی شوێنی کارکردن بۆ کرێکاران و فەرمانبەران دابین بکرێت، ئەمەش دوای ئەوە هات کە رێژەی بێزارکردن و بەتایبەتی بێزارکردنی سێکسی و گێچەڵ و دەستدرێژیی سێکسی داتایەکی بەرزی تۆمار کرد لەلایەن کرێکاران و فەرمانبەران بەگشتی و ژنان بەتایبەتی لەشوێنی کارەکانیان لە سەرتاسەری جیهاندا.

بەپێی داتایەکی UN Women ساڵانە ٣٦٪ی ژنان لە جیهاندا لە شوێنی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ رووبەڕووی فۆرمێك، یان زیاتر لە فۆرمەکانی توندتیژی دەبنەوە، لە (٥٠ - ٨٠٪) یشیان رووبەڕووی توندوتیژی و بێزارکردن و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە لە شوێنی کارەکەیان، لەو رێژەیەش تەنیا ٢٥٪یان ئەو توندوتیژییە بۆ خەڵك باس دەکەن، ئەوانی دی دەیشارنەوە. هەروەها تەنیا ٥٪یان بە فەرمی سکاڵا دەکەن. بە گوێرەی راپۆرتێکی U.S. Department of Justice ٣٦،٥٠٠ ژن لە ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٩ لە شوێنی کارکردنەکانیان رووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی بوونەتەوە، سەرباری فۆرمەکانی دیکەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ژنبوون و جیاکاری لە کرێ و ماف و مامەڵەکردن و دەرکردن لەکار و پێدانی پێگە و نەبوونی مامەڵەی تایبەتیی کاتی دایکایەتی، لە مۆڵەتپێدان و بوونی دایەنگا لە ناو کارگە و شوێنەکانی کارکردن و نەبوونی شوێنی پێدانی شیر بە کۆرپەکانیان لە شوێنی کارەکەیان و....هتد.



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نزیکیی سەدەو نیوێك بەر لە ئێستا لە سەرەتای چوونە دەرەوەی ژن بۆ کارکردن لە کارگەیەکی جلوبەرگ لە نیۆیۆرك، ژنان دەرکیان بەو جیاکارییە کرد و دەنگیان هەڵبڕی و لە پیناویدا بوونە قوربانی و ئەو رۆژە ناسێندرا بە رۆژی جیهانیی ژنان. لەگەڵ ئەوەی لە هەموو جیهاندا یادی ئەو رۆژە دەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ژنان سەرباری ئەوەی هێشتا قوربانیی دەستی توندوتیژیی کۆمەڵایەتیی و خێزانن، کە بەپێی داتاکانی UN Women ساڵانە ١٣٧ ژن لە جیهاندا لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆیانەوە دەکوژرێن. زیاتر لە ٣ بەشی ٣٠٠٠ ژن کە ساڵی ٢٠١٧ لە جیهاندا کوژراون، لەلایەن هاورێ پیاوەکەی بووە کە لەگەڵیدا ژیاوە، یان پێشتر لەگەڵیدا بووە. رێژەی ٧٠٪ی ئەو مرۆڤانەی قاچاخیان پێوە دەکرێت لە جیهاندا ژنن، لە دەرەوەش ژن ساڵانە و بەردەوام لەگەڵ زیاتر بەشداربوونی لە کارکردن لە بوارەکانی ژیان رووبەڕووی فۆرمی زیاتر و نوێتری توندوتیژی دەبێتەوە، کە بەردەوام پێویست دەکات، یاسای نوێ و رێککەوتننامەی نوێی بۆ ئامادە بکرێت، تاوەکو مافی پارێزراو بێت. ئەو رێککەوتننامەیەی رێکخراوی کاری جیهانی کە لە ساڵی رابردوو رایگەیاند، تا رادەیەکی زۆر پابەندبوون بە جێبەجێکردنی سەلامەتیی کرێکاران و فەرمانبەران بەگشتی و ژنان بەتایبەتی دابین دەکات و، دەتوانێت لە رووی فیزیکی و دەرونی پارێزراو بن، جگە لەوەش تەنیا پاراستن نییە، بەڵکو داوای دابینکردنی خول و راهێنان و بەشدارییپێکردنی فەرمانبەران و کرێکاران دەکات، لەو بابەتانەی کە پێویستیانە بۆ گەشەی کەسێتی و شارەزابوون لە کارەکەیان، تاوەکو هەست بە کەمی نەکەن و کەم شارەزایی و نەزانینی کارەکەیان نەبێتە هۆی دەرکردن و بێبەشبوون لەکار، بەتایبەتی لە سەردەمی گەشەی تەکنیکی و تەکنەلۆجیای ئەمڕۆدا کە بەردەوام داوای شارەزایی نوێ لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی کارکردن دەکات.